

# قەڵادزێ 4/24

دوو تویێەکی تایبەتە بە 52هەمینساڵیادی بۆردومان و 44 ساڵەی یادی ڕاپەڕینی قەڵادزێ- مەڵبەندی 24ی ڕاپەڕین بەهاوکاری کوردستانی نوێ ئامادەیکردووە

هەینی 24 / 4 / 2026

## مەڵبەندی ٢٤ی ڕاپەڕین:

# یەکێتی و قەڵادزێ؛ لە شادەماری بەرەنگارییەوە بۆ خەباتی نوێی ئاوەدانی

## قەزای پشدەر لە یادەوەریی پاسیڤەوە بگوێزرێتەوە بۆ هێزێکی دینامیکی بۆ مافخوازی



مەڵبەندی ٢٤ی ڕاپەڕین›ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ٥٢ ساڵەیادی مەرگەساتی بۆردومانی ٢٤ی نیسانی ١٩٧٤ و ٤٤ ساڵەیادی ڕاپەڕینی ٢٤ی نیسانی ١٩٨٢ی قەڵادزێدا، ڕایدەگەیەنێت کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە فۆرمی باو بۆ یادکردنەوە تێبپەڕێنرێت. « لەم یادەدا دووپاتی دەکەینەوە کە قەڵادزێ تەنها ناوچەیەکی بریندار نییە، بەڵکوو بکەرێکی مێژووییە و شایستەی ئاوەدانکردنەوەیەکی هەمەلایەنە و قەرەبوویەکی نێودەوڵەتی و نیشتمانییە. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەك چۆن لە ڕابردوودا ئەندازیاری ڕاپەڕین و پارێزەری ئەم خاکە بووە، ئەمڕۆش بە دیدگایەکی نوێوە کار بۆ ئەوە دەکات کە دۆسیەی ئەم شارە لە کایە نێودەوڵەتییەکاندا وەك تاوان دژ بە ژینگە و مرۆڤایەتی بناسێنرێت.»

لە پەیامەکەی مەڵبەندی ٢٤ی ڕاپەڕیندا ئەمەش هاتووە: «قەڵادزێ شادەماری بەرەنگاریی بووە و دەبێت ببێتە نموونەی گەشەپێدانی ستراتیژی لەسەر ئاستی عیراق و هەرێمی کوردستان. داوا دەکەین حکومەتی فیدراڵی وەك میراتگری بەرپرسیارێتییە یاساییەکان، بە بودجەیەکی تایبەت برینەکانی ئەم شارە سارێژ بکات، هەروەها داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین ئیدارەدانی قەڵادزێ و قەزای پشدەر لە مۆدێلی بەڕێوەبردنی ڕۆژانەوە بگوێزێتەوە بۆ وەبەرهێنانی گەورە لە ژێرخان و کەرتی کشتوکاڵ و گەشتیاریدا.

لە بەشێکی تری پەیامەکەدا مەڵبەندی ٢٤ی ڕاپەڕین دەڵێت: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەم وێستگەیەدا پەیمانی وەفاداری بۆ کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان نوێ دەکاتەوە و جەخت دەکاتەوە، خەباتی ئێمە چەقی مافخوازیی مەدەنی و زانستیدا دەبێ و تەنها بە یادکردنەوە ناوەستین، بەڵکوو بەو ئیرادە پۆڵاینەی کە لە ڕاپەڕینی ١٩٨٢وە بۆمان ماوەتەوە، فشارەکانمان لە هەولێر و بەغدا چڕتر دەکەینەوە بۆ دەستەبەرکردنی شایستە دارایی و خزمەتگوزارییەکانی شارەکە و قەزای پشدەر بە گشتی. ئەمەش ئەرکێکی ئەخلاقی و نیشتمانییە کە یەکێتی لەپێناو قەڵادزێدا دەیکاتە ئەولەویەتی کارەکانی.

بۆ خوێندنەوەی دەقی تەواوی پەیامەکەی مەڵبەندی ٢٤ی ڕاپەڕین، بڕوانە لاپەڕە (٢)

لێپرسراوی مەڵبەندی ٢٤ی ڕاپەڕین:
یەکێتی، دوێنێ سەنگەری بەرگری و ئەمڕۆ سەنگەری ئاوەدانی قەڵادزێ و قەزای پشدەرە
3

یەکێتی و قەڵادزێ
کاتێک خۆڕاگریی گەلێک بوو بە ڕاپەڕین
5

لە ئەڵمانیا و ڕواندا تا قەڵادزێ
کاتێک ماتەم بەتەنها بەس نییە
9

ڕاگواستنی قەزای پشدەر لە ئاوێنەی میدیای جیهانیدا
11

# قەڵادزێ لە تاقیگەی داهاتوودا

لە یادی (مەرگەساتی ٢٤-٤-١٩٧٤ و ڕاپەڕینی ٢٤-٤-١٩٨٢ی قەڵادزێ)دا، زۆرجاران تەنها وەك قوربانییەك تەماشای خۆمانمان کردووە و ڕۆڵی ئێمە تەنها گێڕانەوەی تراژیدیاکە بووە. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە، خوێندنەوەمان بۆ یادەوەری هەبێت، بە جۆرێك لەسەر بنەمای داهێنان و کارلێکی زانستی بێت، نەك تەنها گەڕانەوە بۆ ڕابردوو.

لە زانستی فیزیا و لە یاسای سێیەمی نیوتندا هەموو کارێك، کاردانەوەیەکی یەکسان و پێچەوانەی هەیە. کاتێك ڕژێمی تۆتالیتاری بەعس لە ٢٤ی نیسانی ١٩٧٤دا چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی دژ بە قەڵادزێ بەکارهێنا، ئامانجێکی ڕوونی هەبوو، ئەویش لەناوبردنی تەواوەتیی بایۆلۆژی، ژینگەیی و فیکریی کۆمەڵگەیەك بوو زانکۆ تێیدا چەقی هۆشیاری بوو. بەڵام وەك کاردانەوەیەکی پێچەوانە، ڕاپەڕینی ١٩٨٢ سەلماندی خەڵکی شاری قەڵادزێ نەك تەنها هەر بەرگەیانگرت، بەڵکوو خاوەنی میکانیزمێکی بەرگریی زانستیش بوون کە توانی وزەی وێرانکەر بگۆڕێ بە وزەی ژیان و بەرەنگاری. ئەمە دەبێت لە ڕوانگە سۆسیۆلۆژی و دەروونییەکەیەوە ببێتە بابەتی توێژینەوەی ئەکادیمی، نەك تەنها گێڕانەوەی مێژوویی.

تا ئێستا، زانکۆکانی کوردستان بەگشتی بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقییان هەڵگرتووە بۆ پاراستنی ئەم یادەوەرییە. بەڵام ئەمڕۆ، ئەرکەکە دەبێ قۆناغێك تێپەڕێنێت. پێویستە قەڵادزێ لە مۆنۆمێنتێکی بێدەنگەوە بگوێزینەوە بۆ تاقیگەیەکی کراوەی زانستی. ئەو وزە زۆر و گەورەیە لە ئیرادە و خۆڕاگریی پێویستی بە فۆرمولەکردنەوەی زانستی هەیە. زانکۆکانمان، بە تایبەت زانکۆکانی ڕاپەڕین و سلێمانی دەبێت ببنە ناوەندێك بۆ خوێندنی (زانستی دوای ململانێکان، واتە چۆن ژینگە پاك دەکرێتەوە؟ چۆن دەروونی تاکی قوربانیدەر دروست دەکرێتەوە؟ و چۆن یادەوەری تراژیدی دەبێتە کەرەستەی خاو بۆ بەرهەمهێنانی فەلسەفەی ئاشتی و پێکەوەژیان و یان بوژانەوەی ژیان و ئاوەدانی لەو شارەدا؟

ئەگەر دوژمن بیویستبا فەزای بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و زانستی بکوژێت، ئەوا باشترین وەڵامدانەوە، گەڕانەوە نییە بۆ شێوازە کلاسیکییەکانی شیوەن، بەڵکوو دروستکردنی کەشێکی بەرهەمهێنەر و داهێنەرانەیە. خوێندکارێك کە ئەمڕۆ لە زانکۆیەکی کوردستان توێژینەوەیەکی نوێی زانستی دەکات، بە شێوەیەکی پراکتیکی درێژەپێدەری هەمان ئەو وزەیەیە کە لە ٢٤ی نیساندا هەوڵی کوژاندنەوەی درا.

لەم قۆناغەدا، ئەرکی ناوەندە زانستییەکانمانە کە داتا و بەڵگەنامەکانی تراژیدیای قەڵادزێ بکەنە بنەمایەك بۆ توێژینەوەی داهێنەرانە لە بوارە جیاکانی مافی مرۆڤ، یاسای نێودەوڵەتی، پەروەردە و زانستە پزیشکییەکاندا. یادکردنەوەی ڕاستەقینە کاتێك ڕوودەدات کە خوێنی قوربانییەکان بکەینە وانەیەکی زانستیی جیهانی، بۆ ئەوەی داهاتوویەکی ڕووناکتر بنیات بنێین.

ڕۆژنامەی قەڵادزێ

## مەڵبەندی ٢٤ی ڕاپەڕین بۆ یادی ٢٤ی نیسان

# قەڵادزێ: لە کارەسات و ڕاپەڕینەوە بۆ چەقی بنیاتنانەوەی ستراتیژی و دادپەروەری

مەڵبەندی ٢٤ی ڕاپەڕین'ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ٥٢ ساڵە یادی مەرگەسات و ٤٤ ساڵە یادی ڕاپەڕینی قەڵادزێدا، پەیامێك بڵاودەکاتەوە و فۆرمی تەقلیدیی گلەیی و شیوەن تێدەپەڕێنێ و خوێندنەوەیەکی فرەڕەهەندی ناوخۆیی، عیراقی، هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی دەکات. تێیدا جەخت لەوە دەکاتەوە قەڵادزێ نەك تەنها وەك قوربانی، بەڵکوو وەك بکەرێکی کارا و چەقێکی گرنگی مافخوازی و ژینگەپارێزی و دادپەروەریی نێودەوڵەتی بناسێنرێت.

دەقی پەیامەکە:

کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و قوربانیان..

خەڵکی خۆڕاگری قەڵادزێ و قەزای پشدەر..

ئەمڕۆ ٢٤-٤-٢٠٢٦، لە کاتێکدا یادەکانی (٥٢) ساڵەی بۆردومانی قەڵادزێ بە چەکی قەدەغەکراو (٤٤) ساڵەی ڕاپەڕینە مەزنەکەی ئەم شارە دەکەینەوە، جیهان و ناوچەکە بە گۆڕانکارییەکی خێرای جیۆپۆلەتیکی و ئابووریدا تێدەپەڕن. لەم وێستگەیەدا، وێڕای نوێکردنەوەی پەیمانی وەفاداریمان بۆ قەڵادزێ و قەزای پشدەر، ئەم یادانە دەبێت لە چوارچێوەی یادەوەرییەکی پاسیڤەوە بگوێزرێنەوە بۆ هێزێکی دینامیکی بۆ مافخوازی و ئاوەدانکردنەوەی زیاتر و شایستەتر.

مەرگەساتی ٢٤ی نیسانی ١٩٧٤، بە تەنها هێرشێکی سەربازی نەبوو، بەڵکوو یەکێك بوو لە یەکەم تاقیکردنەوەکانی چەکی کۆمەڵکوژ و ناپاڵم لە مێژووی هاوچەرخی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەو تاوانە لە یەککاتدا هێرشێکی سیستەماتیك بوو بۆ سەر (ژینگە، دیمۆگرافیا و ناوەندی زانستی وەك زانکۆی سلێمانی). هەر بۆیە، ئەمڕۆ داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە جیهانییەکانی بواری ژینگە و مافی مرۆڤ دەکەین، کە دۆسیەی قەڵادزێ وەك تاوانێکی نێودەوڵەتی دژ بە مرۆڤایەتی و ژینگە بناسێنن و پشتیوانی پرۆژەکانی پاککردنەوەی ژینگەیی و ئاوەدانی و لێکۆڵینەوەی زانستی بکەن لە ناوچەکەدا.

عیراقی ئەمڕۆ کە هەنگاو بەرەو پرۆژە ئابوورییە گەورەکان و بەهێزکردنەوەی پێگەی خۆی دەنێت، ناتوانێت لەسەر بنەمای فەرامۆشکردنی برینەکانی ڕابردوو و پێشێلکردنی بنەماکانی دادپەروەریی قۆناغی گواستنەوە، ئایندەی خۆی بنیاتبنێت. حکومەتی فیدراڵی عیراق، وەك میراتگری بەرپرسیارێتییە یاساییەکانی دەوڵەت، بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی و دەستووریی ڕاستەوخۆی لەسەر شانە بۆ قەرەبووکردنەوەی ماددی و مەعنەویی شاری قەڵادزێ و قەزای پشدەر. ئێمە جەخت دەکەینەوە کە هەر ستراتیژییەك بۆ گەشەپێدانی عیراق، ئەگەر بودجەی تەرخانکراوی تێدا نەبێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو شارانەی بەهۆی جێبەجێکردنی سیاسەتی شۆڤێنییەوە وێرانکراون، ستراتیژییەکی ناتەواوە.

ڕاپەڕینی ٢٤ی نیسانی ١٩٨٢، سەلماندی کە قەڵادزێ تاقیگەی باڵای خۆڕاگرییە. ئەو ڕاپەڕینە، کە بە ئەندازیاری و پشتیوانیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرپا بوو، خەباتی شاخ و شاری پێکەوە گرێدا. ئەمڕۆش ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە ئیدارەدانی قەڵادزێ لە مۆدێلی بەڕێوەبردنی ڕۆژانەوە بگوێزێتەوە بۆ پەرەپێدانی ستراتیژی. وەبەرهێنان لە ژێرخانی ئابووری، پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی و گەشتیاری و گرنگیدان بە توانا زانستییەکانی زانکۆی ڕاپەڕین، لە کەمترین مافەکانی ئەم دەڤەرە و ئەم شارەن.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، وەك چۆن لە خەباتی چەکداری و ڕۆژە سەختەکاندا، شادەماری بەرەنگاریی قەڵادزێ بوو، ئەمڕۆش لە چەقی خەباتی مەدەنی و زانستیدا، پارێزەری مافەکانی ئەم دەڤەرە دەبێت. ئێمە لە مەڵبەندی ٢٤ی ڕاپەڕین ڕایدەگەیەنین کە تەنها بە یادکردنەوە ناوەستین، بەڵکوو بە پەرۆشی و دیدگەیەکی کارای قووڵەوە، کار دەکەین بۆ دەستەبەرکردنی شایستە دارایی و خزمەتگوزارییەکانی شارەکە لە هەردوو ئاستی بەغدا و هەولێر.

سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی قەڵادزێ و سەرجەم شەهیدانی کوردستان.

سڵاو لە ئیرادەی پۆڵاینی خوێندکاران و ڕاپەڕیوانی ١٩٨٢ و تەواوی خەڵکی خۆڕاگری پشدەر.

مەڵبەندی ٢٤ی ڕێکخستنی ڕاپەڕین

٢٤-٤-٢٠٢٦

# لە سنووری پشدەر (١٧) پۆندی نوێ دروست دەکرێن

قەڵادزێ – سەبا ساڵح

بەپێی ئەو نەخشە و زانیارییانەی لە بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوە ئاوییەکانی ڕاپەڕینەوە دەست «ڕۆژنامەی قەڵادزێ» کەوتووە، پلانی دروستکردنی ١٧ پۆندی گلدانەوەی ئاوی باراناو لە سنووری قەزای پشدەر پێشنیار کراون بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئەم پۆندانە بەسەر ناحیەکانی سەنگەسەر، ژاراوە، ئیسێوە، هێرۆ،



هەڵشۆ دابەش دەبن. ئامانج لە دروستکردنیان تەنها گلدانەوەی ئاو نییە، بەڵکوو وەك سەرچاوەیەك بۆ پەرەپێدانی سامانی ماسی، ڕاکێشانی گەشتیار، بووژاندنەوەی ئاوی ژێرزەوی و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی وشکەساڵی سوودیان لێ وەردەگیرێت.

سەبارەت بە قۆناغەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەکان، سەرچاوەیەك لە بەڕێوەبەرایەتییەکە ڕایگەیاند: تا ئێستا کەشف و وردبینی بۆ ٩ شوێن کراوە و لە قۆناغی توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی پێگەکاندان. هەروەها دەرخستە و دیزاینی ٢ پۆندیان بەتەواوەتی ئامادەیە و تەنها چاوەڕێی تەرخانکردنی بودجەی پێویستین بۆ دەستکردن بە کارەکان.

## حەیدەری ئاسایش، لێپرسراوی مەڵبەندی ٢٤ی ڕاپەڕین:

# یەکێتی، دوێنێ سەنگەری بەرگری و ئەمڕۆ سەنگەری ئاوەدانی قەڵادزێ و قەزای پشدەرە

چاوپێکەوتن : قەڵادزێ

**لە ٥٢ساڵە یادی بۆردومانی قەڵادزێ و ٤٤ساڵە یادی ڕاپەڕینە مێژووییەکەیدا، هەڤاڵ حەیدەری ئاسایش (حەیدەر سەعید ڕەشید)، لێپرسراوی مەڵبەندی ٢٤ی ڕاپەڕین، لەم دیدارە تایبەتەدا، دوێنی قەڵادزێ دەخوێنێتەوە و دەست دەخاتە سەر ئەولەویەتەکانی ئەمڕۆی قەزای پشدەر. ئەو پێیوایە شارەکە هەر تەنها جوگرافیایەک نییە، بەڵکوو ڕۆحی زیندووی دەڤەری ڕاپەڕین و کوردستانە، کە پێویستی بە ئاوڕلێدانەوەی زۆر زیاتر و جیاواز هەیە.**

هەڤاڵ حەیدەری ئاسایش لەبارەی ڕەهەندە مێژووییەکەی ٢٤ی نیسانەوە دەڵێت: کاتێك باس لە قەڵادزێ دەکەین، باس لە مێژوویەك دەکەین کە تێیدا هەموو مانا مرۆیی و شۆڕشگێرییەکانی تێدا کۆبوونەتەوە. ٢٤ی نیسانی ١٩٧٤، تەنها بۆردومانکردنی شارێك نەبوو، بەڵکوو لەگەڵێدا هەوڵی جینۆسایدی فیکری و زانستی شارەکەیش بوو. هەڵبژاردنی زانکۆی سلێمانی وەك ئامانج، نیشانەی ئەوەیە بەعس چەندە لە زانست و هۆشیاریی ئەم شارە دەترسا. بەڵام ئەوەی قەڵادزێی کردە سیمبوڵ، هەشت ساڵ دواترو لە هەمان ڕۆژدا ڕوویدا؛ ڕاپەڕینی ٢٤-٤-١٩٨٢ سەلماندی کە مەرگ ناتوانێت ئیرادەی ئەم خەڵکە تێکۆشەر و خۆڕاگرە بشکێنێت. لێرەوە پەیامی ئێمە بۆ بۆ جیهان و جیهانیان ئەوەیە: قەڵادزێ شارێکە کە لە خۆڵەمێشی خۆی دروستبۆتەوە، هەمیشە وەك مەڵبەندی هۆشیاری و کوردایەتیش دەمێنێتەوە.

هەڤاڵ لێپرسراوی مەڵبەندی ٢٤ی ڕاپەڕین پەیوەندیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و شارەکە بە پەیوەندییەکی ئەندامی وەسف دەکات: پەیوەندیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و قەڵادزێ، پەیوەندییەکی بەرژەوەندیخوازیی سیاسی نییە، بەڵکوو پەیوەندییەکە بە خەبات و خوێن نوسراوەتەوە. یەکێتی لە ڕۆژە هەرە سەختەکاندا، کاتێك ڕژێمی بەعس دەیویست ناوی قەڵادزێ و قەزای پشدەر لەسەر نەخشە بسڕێتەوە، لێرە بوو؛ لە ناو دڵی خەڵکەکەدا بوو. ئێمە لە ڕابردوودا بە ڕاپەڕین تۆڵەی شەهیدەکانمان کردەوە، ئەمڕۆش هەموو تواناکانمان لەو پێناوەدا تەرخانکردوە تا بە ئاوەدانی زیاتر گەشەپێدانی باشتری ئیداری و خزمەتکردنی زیاتری خەڵکەکەی تۆڵەی ئەو ساڵە سەختانە بۆ خەڵکە تێکۆشەرەکەی بکەینەوە. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر ڕێبازە ڕەسەن و بنەڕەتییەکەی خۆیەتی، ئەو ڕێباز و ڕەسانەیەتییەی سەرۆك مام جەلال داڕێژەریەتی و سیاسەتی نوێی سەرۆك بافڵ جەلال تاڵەبانی و سەرکردایەتی، جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی قەڵادزێ دەبێت ببێتە نموونەی گەشەپێدان، چونکە ئەم شارە بە درێژایی مێژوو قەڵای شۆڕش و پشتیوانی یەکێتی بووە.

سەبارەت بە دۆسیەی قەرەبووکردنەوەی قەڵادزێ و قەزای پشدەر لە ئاستی عیراقدا، هەڤاڵ حەیدەر دەڵێت: ئێمە لێرەوە ڕاشکاوانە بە ناوەندە بڕیاربەدەستەکانی دەڵێین؛ حکومەتی فیدراڵی عیراق وەك میراتگری دەوڵەت، بەرپرسیارە لە هەموو ئەو تاوانانەی بەرامبەر ئەم شارە کراون. ناساندنی بۆردومانی قەڵادزێ وەك جینۆساید لە دادگای باڵای تاوانەکان، دەبێت بچێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە. داواکارین دۆسیەی ئاوەدانکردنەوەی پشدەر بخرێتە ناو پڕۆژەی گەشەپێدانی نیشتمانیی عیراقەوە. قەڵادزێ شایستەی ئەوەیە بودجەی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت بۆ بوژاندنەوەی ئەو کەرتانەی بەهۆی سیاسەتی ڕاگواستن و وێرانکارییەوە پەکخراون ئەمە مافێکی یاسایی و دەستوورییە و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە هەموو هێزی خۆیەوە لە بەغدا داکۆکی لێدەکات.

سەبارەت بە هەنگاوە پراکتیکییەکان بۆ ناوچەکە، هەڤاڵ لێپرسراوی مەڵبەند ڕوونی دەکاتەوە: ئێمە تەنها باس لە چاککردنی کۆڵانێك یان دابینکردنی کارەبا و ڕێگەوبانێك ناکەین، ئەوانە مافی سەرەتایین، ئەمە ئەرکی دوولایەنەی هەر یەك لە حکومەتەکانی هەرێم و فیدراڵە. دیدگەی بەڕێز قوباد تاڵەبانی و داوای ئێمە ئەوەیە پشدەر بکەینە جەمسەرێکی گرنگی بازرگانی و کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستاندا. کارکردن لەسەر پەرەپێدانی مەرزەکان، ئاسانکاری بۆ کەرتی تایبەت و بەهێزکردنی ژێرخانی زانکۆی ڕاپەڕین، بەشێکن لە ئەولەویەتەکانمان. دەمانەوێ قەڵادزێ ببێتە شوێنێك گەنجەکانی نەك هەر تێیدا بمێننەوە بەڵکوو ببنە خاوەن پڕۆژەی خۆیان. کردنەوەی گرێکوێرەی وەبەرهێنان و بڕیاری تەرخانکردنی ڕێژەی لەسەدا بیستی داهاتی مەرزی کێلێ بۆ قەڵادزێ و قەزای پشدەر بەگشتی و تەواوکردنی پڕۆژە ستراتیژییەکانی ئاو و ڕێگەوبان، بەڵێنی ئێمەن کە هەنگاو بە هەنگاو کار لەسەر جێبەجێکردنیان دەکەین.

لە بەشێکی تردا، هەڤاڵ حەیدەری ئاسایش تیشکی خستە سەر پێگەی جیۆپۆلەتیکی دەڤەرەکە و وتی: پشدەر نابێ تەنها وەك ناوچەیەکی سنووریی دوورەدەست تەماشا بکرێت، بەڵکوو دەبێت ببێتە جەمسەرێکی بازرگانیی نێودەوڵەتی. ئێمە پێمانوایە مەرزی کێلێ لە چوارچێوەی ناوچەی ئازادی پیشەسازی و بازرگانیدا دەبێت پەرەی پێ بدرێت؛ ئەمە نەك هەر هەزاران هەلی کار بۆ گەنجانمان دەڕەخسێنێت، بەڵکوو کۆتایی بە دیاردەی کۆڵبەری و مەترسییەکانی سەر سنوور دەهێنێت. ئێمە کار دەکەین بۆ ئەوەی سنوورەکان لە هەڕەشەوە بگۆڕین بۆ دەرفەتێکی زێڕینی ئابووری، بە جۆرێك کە قەڵادزێ ببێتە پردی بازرگانی نێوان هەرێم و ناوچەکە.

سەبارەت بە سامانی سروشتیی ناوچەکە، هەڤاڵ لێپرسراوی مەڵبەند وتی: پاراستنی زێی بچووك و سەرچاوە ئاوییەکانی پشدەر بۆ ئێمە پرسێکی ئاسایشی نەتەوەییە. پلانمان هەیە بە هاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکان، هانی وەبەرهێنان بدەین لە پڕۆژەی پۆند و بەنداوە بچووکەکاندا، نەك تەنها بۆ کشتوکاڵ، بەڵکوو بۆ گەشەپێدانی کەرتی گەشتیاریی سروشتی و سامانی ماسی کاری جیدی بکەین. دەمانەوێت بناری ئاسۆس و دەوروبەری زێی بچووك ببنە ناوچەی گەشتیاریی مۆدێرن. ئەمە باشترین وەڵامە بۆ ئەو ئیکۆساید و وێرانکارییە ژینگەییەی کە ڕژێمی پێشوو لە ڕێگەی ڕاگواستن و سووتاندنی باخەکانەوە بەرامبەر ئەم ناوچەیە ئەنجامی دا.

هەروەها سەبارەت بە داهاتووی گەنجان و ڕۆڵی زانست جەختی کردەوە: داهاتووی ئەم شارە بەندە بەوەی کە چۆن سوود لە توانای زانستیی زانکۆی ڕاپەڕین وەردەگرین. ئێمە دەمانەوێت زانکۆی ڕاپەڕێن ببێتە ناوەندی ڕاوێژکاری ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین؛ هیچ پڕۆژەیەکی ئاوەدانی ئەنجام نەدرێت ئەگەر پەسەندی زانستیی زانکۆی لەسەر نەبێت. ئامانجی سەرەکیمان کۆچی پێچەوانەیە؛ واتە دروستکردنی کەشێك کە گەنجانی ڕاپەڕین و قەزای پشدەر بە تایبەتی لێرەدا خاوەن پڕۆژەی بچووك و مامناوەندی خۆیان بن. پشتگیریکردنی دەرچووانی زانکۆ لە ڕێگەی سندوقی پاڵپشتی و کەرتی تایبەتەوە، یەکێکە لەو خاڵە جەوهەرییانەی لە تەواوی کارنامەی خزمەتگوزاریی یەکێتیدا جێگەی خۆی کردووەتەوە.

هەڤاڵ لێپرسراوی مەڵبەندی ٢٤ی ڕاپەڕین، پەیامێکی گەرم ئاراستەی خەڵکە خۆشەویستەکەی قەڵادزێ و قەزای پشدەر دەکات: پەیامی من بۆ خەڵکی سەربەرزی قەڵادزێ و قەزای پشدەر ئەوەیە؛ ئێمە لە ئازارەکانتان تێدەگەین و دەزانین کە هێشتا شارەکە شایستەی زۆر لەوە زیاترە بۆی کراوە. بە دڵنیاییەوە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چۆن لە سەنگەری بەرگریدا لەگەڵتان بووە، لە سەنگەری خزمەت و ئاوەدانیشدا تەنهاتان ناکات. یادی ٢٤ی نیسان بۆ ئێمە تەنها بۆنەیەك نییە بۆ گوتاردان، بەڵکوو وێستگەیەکە بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانمان و داڕشتنی پلانی نوێ. خەمی ئێوە خەمی ئێمەیە و پێکەوە قەڵادزێ دەکەینەوە بەو شارەی کە شەهیدەکانمان خەونیان پێوە دەبینی؛ شارێك پڕ لە ژیان، ئازادی و شکۆ.



(حەیدەر سەعید ڕەشید) حەیدەری ئاسایش، لێپرسراوی مەڵبەندی ٢٤ی ڕاپەڕین

> " دیدگەی بەڕێز قوباد تاڵەبانی و داوای ئێمە ئەوەیە پشدەر بکەینە جەمسەرێکی گرنگی بازرگانی و کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستاندا. کارکردن لەسەر پەرەپێدانی مەرزەکان، ئاسانکاری بۆ کەرتی تایبەت و بەهێزکردنی ژێرخانی زانکۆی ڕاپەڕین، بەشێکن لە ئەولەویەتەکانمان"

> « قەڵادزێ، ڕۆحی زیندووی دەڤەری ڕاپەڕین و کوردستانەکەمانە»

> «زانکۆی ڕاپەڕین ببێتە ناوەندی ڕاوێژکاری ئاوەدانی؛ ئامانجمان کۆچی پێچەوانەی گەنجانە»

> «قەرەبووکردنەوە قەڵادزێ و قەزای پشدەر، مافێکی دەستوورییە و داواکاری یەکێتییە لە بەغدا»

> "دەمانەوێت بناری ئاسۆس و دەوروبەری زێی بچووك ببنە ناوچەی گەشتیاریی مۆدێرن"

## ئاناتۆمیای وێرانکاری و ئاوەدانکردنەوە

# قەڵادزێ لە نێوان کوشتاری شوێن و مانیفێستۆی دادپەروەریی تێپەڕدا



دیمەنێک لە قەڵای قەڵادزێ

ئامادەکردنی: سەفەر حسێن

لە قووڵایی مێژووی هاوچەرخی کوردستان و تەنانەت خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، قەڵادزێ تەنها ناوێکی جوگرافی نییە، بەڵکوو تاقیگەیەکی سۆسیۆلۆژی و مێژووییە کە ڕەنگدەری ئاڵۆزترین پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتی تۆتالیتار و پەراوێزە نەتەوەییەکانە. لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عیراقەوە تا دەگاتە کەوتنی ڕژێمی بەعس، ئەم جوگرافیایە بەردەوام کراوەتە ئامانجی پرۆژەیەکی سیستەماتیکی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی، کە ئامانج لێی نەك تەنها چەوساندنەوە، بەڵکوو سڕینەوەی یەکجارەکیی شوناس و بوون بووە.

ئەم بابەتە لە ٥٢ ساڵەیادی بۆردومانکردنی قەڵادزێ و ٤٤ ساڵە یادی ڕاپەڕینی شارەکەدا، هەوڵ دەدات نەك تەنها یادەوەرییەکی شیعرییانە بکات، بەڵکوو لە ڕوانگەی فەلسەفەی سیاسی و سۆسیۆلۆژییەوە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵتر و وەڵامێکی مێژوویی و خۆجووڵانەوەیەکی خودجۆش دژ بەو وێرانکارییە پێشکەش دەکات.

### فیزیا و کیمیای مەرگ لە بەرامبەر ئەخلاقی جەنگدا

لە ٢٤ی نیسانی ١٩٧٤دا، ڕژێمی عیراق بە بەکارهێنانی چەکی ناپاڵم و قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی، هێرشێکی ئاسمانیی بێبەزەییانەی کردە سەر قەڵادزێ و زانکۆی سلێمانی لە شارەکەدا. لە دیدگەی لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان لەسەر چەمکی شەڕی ڕەوا و تیۆرەکانی مایکڵ ڤالزەر، بنەمای ئەخلاقیی پاراستنی خەڵکی سڤیل بە تەواوی پێشێل کرا. ڕژێم بە پاساوی پاراستنی یەکپارچەیی خاك، مرۆڤەکانی کردە ئامانجی چەکی کۆمەڵکوژ.

ئەگەر لەم ڕووداوەوە بڕوانینە یاسای نێودەوڵەتی، بۆردومانکردنی ناوچەی ئاوەدان و زانکۆیەك بە چەکی ناپاڵم، نەك تەنها پێشێلکاریی ڕەسمیی ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکانی جنێڤە بوو، بەڵکوو تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی بوو بەو واتایەی کە لە ئەساسنامەی ڕۆمی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی هاتووە. بەکارهێنانی ناپاڵم لە دژی خەڵکی سڤیل، لەو کاتەدا ڕێگەپێدراوی

> «٢٤ی نیسان بۆ قەڵادزێ دوو واتای هەیە: ڕۆژی مەرگ و هەستانەوە. ئەم دووانەییە لە مێژوودا ئاسایی نییە»

یاسایی نەبوو لە بەرامبەر دانیشتوانی ناو وڵاتدا، بەتایبەتی کاتێك ئامانجەکان خوێندکار و مامۆستا بوون لە ناو زانکۆیەکدا.

لێرەدا، دەسەڵات لە ڕوانگەیەکی هۆبزییەکی ئیسکپەروەرانەوە (سیکۆریتی دەوڵەت پێش ژیانی تاك) پاساوی بۆ مەرگ دەهێنایەوە. بەڵام کاتێك فڕۆکەکان زانکۆیەکیان بۆردومان کرد، سەلماندیان کە ئامانجەکە تەنها سەربازی نییە، بەڵکوو ئامانجەکە کوشتنی عەقڵ و زانست و ئاوەدانیشە. ئەمە تەنانەت ماکیاڤێلیش تێدەپەڕێنێت کە پێی وایە ئامانج پاساوی ئامراز دەدات، چونکە لە قەڵادزێ، خودی ئامرازەکە (چەکی کیمیایی و ناپاڵم) بووە مانیفێستۆیەك بۆ دڕندەیی پەتی.

بۆردومانکردنی لە هەر دۆخێکدا بێت تیرۆر فیکری و مەعریفییە. دەسەڵات دەیزانی زانست و پەروەردە هەڵگری ڕۆشنگەری و ئازادیخوازین، بۆیە لە هەمان کاتدا کە خەڵکی سڤیلی دەکوشت، دەیویست بوارە فیکرییەکانی ئەم ناوچەیەش تێکبشکێنێت. ئەمە وەك ئەوەیە کە نەتەنیا جەستەی مرۆڤ، بەڵکوو ئایندەی مرۆڤیش لەناو ببرێت.

### دەنگی نەمری خەڵکی ژێردەست

هەشت ساڵ پاش ئەو بۆردومانە کوێرانەیە، لە هەمان ڕۆژدا، ٢٤ی نیسانی ١٩٨٢، خەڵکی قەڵادزێ ڕاپەڕینێکیان بەرپاکرد دژ بە ڕژێمی بەعس. ئەم هاوئاهەنگییە لە نێوان ڕۆژی بۆردومان و ڕۆژی ڕاپەڕیندا، ڕێککەوت نییە، بەڵکوو پەیامێکی ئاشکرایە: خەڵکی قەڵادزێ ڕۆژی وێرانکاری خۆیان کردە ڕۆژی بەرخۆدان. ڕاپەڕینی ١٩٨٢ لە ڕوانگەی فەلسەفەی سیاسییەوە، نموونەیەکی ئاشکرای ئەوەیە کە فرانتز فانۆن لە کتێبی (خەڵکی بێبەش) دا باسی دەکات: کاتێك ستەم دەگاتە ئەو ئاستەی کە مرۆڤی ژێردەست هەست بە نەمانی بکات، توندوتیژیی بەرخۆدان دەبێتە ئامرازێك بۆ دۆزینەوەی مانا و شوناسی خۆی. خەڵکی قەڵادزێ بەو ڕاپەڕینە سەلماندیان کە ناتوانرێت گەلێك بە تەواوی لەناو ببرێت ئەگەر ئیرادەی مانەوەی هەبێت.

ئەم ڕاپەڕینە تەنها ئاکسیۆنێکی سەربازی نەبوو. بەڵکوو بزوێنەرەکانی کۆمەڵایەتی و فیکری بوون: ماموستایان، خوێندکاران، کاسبکاران و خەڵکی شار بە ڕابەرایەتی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ئەمە وای لێ دەکات ڕاپەڕینەکە نزیکتر بێت لە چەمکی (سەرپێچیی مەدەنی) ی هەنری دەیڤید سۆرۆ، کە پێی وابوو هاوڵاتی بەرپرسیار ئەرکی هەیە لە بەرامبەر دەسەڵاتی نادادپەروەردا ڕابوەستێت، نەك بە هیوای سەرکەوتنی سەربازی، بەڵکوو بە مەبەستی دەربڕینی نارەزایەتی ئەخلاقی و مافی خۆی.

هاوکات، ڕاپەڕینەکە هاوتایە لەگەڵ ئەو شۆڕشانەی ئلبێر کامو لە (مرۆڤی یاخی) دا باسیان دەکات: یاخیبوون تەنها نەفرەت نییە، بەڵکوو وتنی (نەخێر) ـە لە بەرامبەر ئەو بارودۆخەی کە شایستەی مرۆڤ نییە، لەهەمان کاتدا (بەڵێ) وتنە بۆ بەهاکانی مرۆڤایەتی و مافی ژیان. خەڵکی قەڵادزێ بەو ڕاپەڕینە هەم نەخێریان وت بۆ کوشتار و ستەم، هەم بەڵێیان وت بۆ ژیان و ئازادی.

### پچڕاندنی کۆدی ژەنەتیکیی مرۆڤ و شوێن

لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٨٩، وێرانکارییەکە پێینایە قۆناغێکی نوێوە؛ قۆناغی کوشتنی شوێن. هانا ئارێنت لە شیکردنەوەکانیدا بۆ تۆتالیتاریزم، ڕوونی دەکاتەوە کە ترسناکترین میکانیزمی سەرکوت، سڕینەوەی شوناس و بڕینی ڕیشەی مرۆڤە لەگەڵ زێدی خۆیدا. ڕاگواستنی زۆرەملێی دانیشتوانی قەڵادزێ بۆ ئۆردوگاکان، هەوڵێك بوو بۆ پچڕاندنی کۆدی ژەنەتیکیی نێوان مرۆڤی کورد و خاکی خۆی. هاوکات، سۆسیۆلۆژیست زیگموند باومان لە کتێبی مۆدێرنیتە و هۆلۆکۆست دا ئاماژە بەوە دەکات کە دەوڵەتی نەتەوەیی ساختە، وەك باخەوانێك مامەڵە دەکات دەیەوێ بە زەبری هێز باخچەیەکی یەکڕەنگ (یەکچەشن) دروست بکات و هەرچی جیاوازە وەك بژار هەڵیبکێشێت. ئەوەی بەعس لە قەڵادزێ کردی، جێبەجێکردنی ئەم مۆدێرنیتە دڕۆزنەیە بوو بۆ تواندنەوە و سڕینەوەی کەلتووری کوردی.

ئەگەر ڕاگواستنی ١٩٨٩ لە چوارچێوەی تیۆری پاکسازیی ئێتنیکی بخوێنینەوە، دەبینین ئامانجەکە تەنها سوتماککردنی خاك نەبوو، بەڵکوو کوشتنی پەیوەندیی دەروونی و کەلتووریی نێوان مرۆڤ و شوێنی خۆی بوو. کاتێك خەڵکێك لە خاکی خۆی هەڵدەکێشرێت و دەخرێتە ئۆردوگایەکی زۆرەملێ، ئەو مرۆڤە تەنها ماڵ و موڵکی لەدەست نادات، بەڵکوو بەشێکی بنەڕەتیی ئایدەنتیتی خۆی لەدەست دەدات: ئاو و ڕووبار و چیا و گوندەکانی، ئەو شتانەی کە شوناسی کوردایەتی پێکدەهێنن.

### لە لێبوردنی پاسیڤەوە بۆ قەرەبووی ئەکتیڤ

ئارێنت لە کتێبی بەرپرسیارێتی و بڕیار دا پێمان دەڵێت: نەوەی ئێستای دەوڵەت بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی و مێژوویی هەیە بەرامبەر بە تاوانەکانی ڕابردووی دەوڵەتەکەی، تەنانەت ئەگەر بکەری ڕاستەوخۆش نەبووبێت. لەم سۆنگەیەوە، مامەڵەکردنی حکومەتی عیراق (و تەنانەت هەرێمیش) لەگەڵ قەڵادزێ، نابێت تەنها لە چوارچێوەی بەزەیی یان پرۆژەی بچووکی خزمەتگوزاریدا بێت. بەپێی تیۆری دادپەروەریی جۆن ڕاوڵز، بنیاتنانی سیستەمێکی ڕاستەقینە پێویستی بە جێبەجێکردنی پرەنسیپی جیاکاریی ئەرێنی هەیە. قەڵادزێ، کە قوربانییەکی گەورەی دەستی دەوڵەت بووە، پێویستە لە دابەشکردنی سامانی گشتی و پرۆژە ستراتیژییەکاندا (پشکی شێری) پێبدرێ. دەبێ قەرەبووکردنەوە لە فۆرمە مادییە سادەکەیەوە بگوێزرێتەوە بۆ فۆرمێکی زانستی و دامەزراوەیی کە ژێرخانی ئابووری، پەروەردەیی و تەندروستیی شارەکە سەرلەنوێ دابڕێژێتەوە.

### لە مۆنۆمێنتی بێدەنگەوە بۆ چەقی زیندوو

کیس بێکەر لە کتێبی پێویستیی لەبیرکردن، مەترسیی لەبیرچوونەوە دا هۆشداریمان دەداتێ: هەر کۆمەڵگەیەك ڕووبەڕووی مێژووە تاریکەکەی خۆی نەبێتەوە، مەحکومە بە دووبارەبوونەوەی. قەڵادزێ نابێت تەنها وەك مۆنۆمێنتێکی بێدەنگ بۆ وێرانکاری تەماشا بکرێت، بەڵکوو دەبێت ببێتە سیمبولی ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەکی پاوانخواز.

یادەوەری لێرەدا تەنها بەرگری لە ڕابردوو نییە، بەڵکوو بزوێنەری ئایندەیە. کاتێك کۆمەڵگەیەك بە وردی و لەگەڵ ئازارەکانیدا، ڕابردووی خۆی بخوێنێتەوە، دەتوانێت درسی لێوەربگرێت بۆ بنیاتنانی ئایندەیەکی باشتر. ئەمە ئەو شتەیە کە (یورگن هابرماس) لە تیۆرەکانی خۆیدا باسی دەکات لەبارەی گفتوگۆی ڕاستەقینە: کۆمەڵگەی ئازاد ئەوەیە کە بتوانێت لەسەر ڕابردووی خۆی بە ئازادانە قسە بکات و لەسەر ئایندەی خۆی بەکۆمەڵ بڕیار بدات.

پارادۆکسی تاڵی ئەمڕۆ ئەوەیە کە پاش چەندین دەیە لەو کارەساتانە، هێشتا نەوەکانی قەڵادزێ باجی بێبەرنامەیی و نەبوونی دیدگەیەکی زانستیی دەدەن لەلایەن حکومەتەکانی بەغدا و هەولێرەوە. کاتی ئەوە هاتووە گوتارێکی نوێی سیاسی، بە پشتگیریی لێکۆڵینەوەی زانستی و ئابووری، دابڕێژرێت؛ گوتارێك لەبری شیوەنی مێژوویی، مانیفێستۆیەکی بەهێز بۆ دادپەروەری، بەرپرسیارێتیی دەوڵەت و گەشەپێدانی بەردەوام بخاتە ڕوو، بۆ ئەوەی قەڵادزێ جارێکی تر ببێتەوە بە چەقێکی زیندووی ئاوەدانی و بیرکردنەوەی ئازاد.

### لە ڕۆژی خوێنەوە بۆ ڕۆژی ئیرادە

ئەوەی قەڵادزێ لە شارەکانی تری کوردستان جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە ٢٤ی نیسان بۆ ئەم شارە دوو واتای بەرامبەری هەیە: لە ١٩٧٤دا ڕۆژی مەرگ و وێرانی بوو، لە ١٩٨٢دا ڕۆژی هەستانەوە و ئیرادەی خۆبەستانەوە. ئەم دووانەییەتە لە فەلسەفەی مێژوودا ئاسایی نییە. کەمتر شارێك هەیە لە مێژووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا کە هەمان ڕۆژ هەم سیمبولی قوربانیبوون بێت هەم سیمبولی بەرخۆدان. ئەم هاوئاهەنگییە ڕۆژییە ڕێکەوتنییە نییە. خەڵکی قەڵادزێ بە ئاگاداری و ئیرادەوە ٢٤ی نیسانیان هەڵبژارد بۆ ڕاپەڕینەکە، بۆ ئەوەی بڵێن: ئەو ڕۆژەی کە دەتانویست بمکوژن، ئەو ڕۆژەیە کە هەستامەوە. بۆیە ٢٤ی نیسان لە ڕۆژنامەی فەرمیی هەرێمی کوردستان و عیراقدا دەبێ وەك ڕۆژی ڕەتکردنەوەی ستەم و ئیرادەی مانەوە دابنرێ. ئەم ڕۆژە دەبێت ببێتە بنەمایەك بۆ فێستیڤاڵی زانستی و کەلتووری ساڵانە، بۆ ئەوەی یادەوەری لە قالبی شیوەنەوە بگوازرێتەوە قالبی بنیاتنانەوە.

### قەڵادزێ پێویستی بە مانیفێستۆیەکی نوێیە

ئەم بابەتە داوا لە هەموو لایەنە بەرپرسیارەکان دەکات مامەڵە لەگەڵ قەڵادزێ لە ئاستی پرۆژەی بچووك و شیوەنی ساڵانەوە بگوازنەوە بۆ ئاستی ستراتیژی و بنیاتنانی دامەزراوەیی. ئەم شارە کە: هەم قوربانی بووە هەم ڕاپەڕیوە. بۆیە دەبێت ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی دادپەروەریی تێپەڕ و مافەکانی مرۆڤ تێدا دابمەزرێت. دەبێت زانکۆ و ناوەندی توێژینەوە تێدا بنیاتبنرێت کە لەسەر مێژوو و سۆسیۆلۆژیای کارەسات بکۆڵنەوە. دەبێت بەرنامەیەکی دوور و درێژی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ دابڕێژرێت کە ئاستی ژیان و خزمەتگوزاری لەم شارەدا بگاتە ئاستی شایستەی خۆی. دەنگی قەڵادزێ نابێت تەنها لە ساڵەیادەکاندا ببیسترێت، دەبێت ببێتە بەشێك لە سیاسەتی گشتی و بەرنامەڕێژیی دامەزراوەیی لە هەرێمی کوردستان و عیراقدا. بۆ ئەوەی ئەم جارە مێژوو خۆی دووبارە نەکاتەوە.

> «بۆردومانکردنی زانکۆ واتا تیرۆری فیکری و مەعریفی. بەعس دەیزانی زانست و پەروەردە هەڵگری ڕۆشنگەری و ئازادیخوازین »

## یەکێتی و قەڵادزێ

# کاتێک خۆڕاگریی گەلێک بوو بە ڕاپەڕین

ئامادەکردنی: بەرهەم فەهمی

دڵشادی عەبدوڵلا ڕەش، یەکێکە لەو چالاکوانە سیاسییانەی لە تەمەنی گەنجییەوە خۆی خستە ناو خەبات و ڕێکخستنی سیاسی. لە کاتی ڕاپەڕینی ٢٤ی نیسانی ١٩٨٢دا ئەندامی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لە قەڵادزێ، بەشداریی چالاکی لە ئامادەکاری و جێبەجێکردنی ئەو ڕاپەڕینەدا هەبوو. لەم چاوپێکەوتنە تیشك دەخاتە سەر لاپەڕەیەکی گرنگ لە مێژووی خەباتی سیاسی و مەدەنیی شاری قەڵادزێ.

دڵشاد باسی ئەوە دەکات کە لەو قۆناغەدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تەنها هێزی ڕێکخراوی سیاسی بوو لە گۆڕەپانی سیاسیدا، هەم خاوەنی پێشمەرگە و جەماوەر بوو و هەم پێگەیەکی بەهێزی لە سنوورەکەدا هەبوو. ئامانجی سەرەکیی یەکێتی لەو کاتەدا گرێدانی خەباتی شاخ و شار بوو، بۆ ئەوەی بتوانرێت بە شێوەیەکی بابەتیانەتر و فشارێکی زیاتر بەرەنگاری ڕژێمی بەعس بکرێتەوە. ئەو ئاماژە بەوە دەکات کە ڕژێم لەو قۆناغەدا تاوانی گەورەی ئەنجامدابوو: دێهاتەکانی ڕاگواستبوو، خەڵك و پێشمەرگەی شەهید کردبوو. ئەم بارودۆخ تاریکە خۆی ببووە زەمینەیەك بۆ ئەوەی بیرۆکەی ڕاپەڕین و خۆپیشاندان لە نێو خەڵکدا گەشە بکات.

بەگوێرەی دڵشاد، یەکەم کەسی بیرۆکەی ڕاپەڕینەکەی لەلا باسکردبێ دکتۆر عوسمان پێنجوێنی بوو لەو کاتەدا لە قەڵادزێ دەژیا. دکتۆر عوسمان پشتگیری بیرۆکەکەی کرد و بە گرنگی زانێ، بەڵام هۆشداریشی دا کە دەبێت بە زۆر وریاییەوە جێبەجێ بکرێت، چونکە هەموو دامەزراوەکانی حکومەت لەسەر هەست بوون و مەترسیی گرتن و کوشتن هەبوو. بەڵام وەك خودی دڵشاد دەڵێت، گەنج بوون و ترسیان نەدەناسی و نەدەزانی.

ڕێکخستنەکانی یەکێتی لە شاری قەڵادزێ لە چەند هێڵی جیاوازەوە پێکهاتبوون، هەریەکەیان لە خۆیاندا چالاك بوو بەڵام هەمووشیان لەسەر یەك هێڵ نەبوون. دڵشاد ئاماژە بەم هێڵانە دەکات: هێڵی گشتی کە فاروقی ئەحمەدی مام عەلی و هۆمەری حاجی موسا و ژمارەیەکی تر لە تێکۆشەران تێیدا بوون. هێڵێکی تر کاکە ئەمین و مامۆستا محمد و مامۆستا سعید و شەهید ئازاد و دکتۆر خەسرەو حەمیدی ملا عبداللە و بەشێك لە خزمانی گوندی کارسۆنی تێیدا بوون. هێڵێکی تر کە لە چەند پۆلێك پێکهاتبوو شاسواری ڕەحمەتی - مصطفی مام برایم سەرپەرشتیدەکرد. هێڵێکی تر بارزان فەتحوڵلا و هاوڕێکانی لە سەنگەسەر. هەروەها قودسی ئەحمەد بچکۆل و حاجی حسین شینکی و بەهرە حسێن و شوکری پوورە غوربەت و کەژاڵی ڕسوڵی مام سابیر لە ڕێکخستنەکاندا بوون و بە چاونەترسی و چالاکی ناسراو بوون.

هەروەها نەجیبەی ئەحمەد، حمەامین، شێرکۆی ئەحمەدی سابیر، خدر زوحاك، قودسی حەسەنی بابکرە شین، پەخشان مصطفی و عبداللە محمود ئاغا هەموویان لە ڕێکخستنەکاندا بوون و دەوریان هەبووە لە جۆشدانی ڕیزەکانی خەڵك. بەڵام دڵشاد ئاماژە بەوەش دەکات کە ئەم کەسانە هەرچەندە لە ڕێکخستندا بوون، بەڵام لە ناوەندی بڕیارداندا نەبوون. بازنەی بڕیاردان کەمتر بوو و بڕیارە ستراتیژییەکان لە نێو ئەو بازنەیەوە دەدرا.

بەپێی باسکردنەکەی دڵشاد، سەرەتا بڕیار بوو ڕاپەڕینەکە لە نەورۆزی ١٩٨٢ ئەنجام بدرێت. شانۆگەرییەکی بەهێزیان ئامادە کردبوو و سروودی نیشتیمانی لە تۆمارگەی ئەوان ئامادە کرابوو. پلانەکە ئەوە بوو کە لە دوای شانۆگەریەکەوە، خوێندکاران بەرەو ناو شار بچن بە ڕێپێوان و خۆپیشاندن.

بەڵام کۆمەڵێك گرفت ڕووی دا. بەشێك لە برادەران ڕای جیاوازیان هەبوو لەسەر شێوازی کارەکە. هاوکات، حزبی شیوعی و پارتی قسەیان بۆ خەڵك دەکرد و هەوڵیاندەدا ساردیان بکەنەوە، دەیانگوت: مەچن بەشداری مەکەن چونکە هەمووتان دەگیرێن و دەکوژرێن، تەنانەت دەیانگوت ئەوانەی ڕاپەڕین دەکەن سەر بە موخابەرات و ئەمنی ڕژێمن. دڵشاد ئەم قسانەی بە بەتاڵ و پڕۆپاگەندەی پوچ دادەنێت و دەڵێت ئەو حزبانە خۆیان لە هەرکەس باشتر دەیانزانی کە ڕاست ناکەن.

دڵشاد نموونەیەکی سەرنجڕاکێش دەهێنێتەوە: دڵزاری وستا عەلی کەبابچی دەیویست بەشداری بکات، بەڵام لە ئەنجامی ئەو پڕۆپاگەندەیەدا پەشیمان بوو و بەشداری نەکرد. دواتر بە زمانی خۆی گوتی سەد خۆزگە بەشداریم کردبایە، ئەم دەزانی ئاوایە.

شانۆگەریەکەی نەورۆز سەرکەوتوو بوو و دەنگێکی گەورەی لە نێو خەڵکدا هەبوو. تەنانەت هەندێك لە بەعسییە کوردەکانیش ئامادە بوون، وەك عەلی بابکر ئاغا و محمودی عەوێز ئاغا کە لەو کاتەدا عەلی مەسئولی ئیتیحاد بوو. دڵشاد ئاماژەی تایبەت بە هەڵوێستی عەلی دەکات و دەڵێت: هیچ پەیوەندییەکی ژێربەژێری نەبوو لەگەڵ ڕێکخستنەکاندا، بەڵام هەڵوێستێکی زۆر مەردانەی نواند و خۆی خستە ژێر بەرپرسیارێتییەکی قورسەوە. تەنانەت وتارەکەی ئیتیحاد ئەوان بۆی نووسی و ئەو خوێندییەوە.

دواجار دوای هەڵسەنگاندنی زیاتر لە نێوان دڵشاد و برادەران شاسوار و حمەامین و حاجی و تر، بڕیار درا کاتی ڕاپەڕینەکە بگوازرێتەوە بۆ ٢٤ی نیسانی ١٩٨٢. هۆکارەکەش ئەوە بوو کە ئەم بەرواره ڕووداوەکە بە جەماعیتر دەکرد و هەموو چین و توێژەکانی شاری قەڵادزێ بەشدار دەبوون، نەك تەنها خوێندکاران.

دڵشاد بوردی باسی ئامادەکارییەکانی پێش ڕاپەڕینەکە دەکات. سەرکردایەتیی یەکێتی ئاگادار کرایەوە و تیپی ٤٣ و جوتیاران لە شاخەوە هاتنە خوارێ بۆ ناو شار. شەوانە لە مزگەوتەکاندا بەیاننامەیان دەخوێندەوە و پشتیوانیان دەردەبڕی.

دروشمەکان لە لایەن چەند کەسێکەوە ئامادە کرابوون. بارزان فەتحوڵلا سەنگەسەری بەشێکی نووسیبوو، حمەامین بەشێکی تری نووسیبوو و بەهرەش بەشێکی تر. هەریەکە بەپێی توانا شتەکانی نووسیبوو و ئەوەی مەنتقی بوایە هەڵدەبژێردرا. دڵشاد ئاماژە بە یەکێك لە دروشمەکان دەکات کە لە شانۆگەریەکەی نەورۆزدا هەڵیانواسیبوو: «نەورۆز گڕی هەڵچووی چەوساوەکانی ژێر دەستی زوحاکە».

تەسجیلات و ئامرازەکانی سەرقەبران ئامادە کرابوون، لەگەڵ چەکی بەرگری کە بریتی بوون لە بەرد و دار و دارلاستیك. بڕیاردرا کەس بە جلوبەرگی مەکتەب و دەوامەوە نەچێت بۆ خۆپیشاندانەکە، بەڵکوو جلوبەرگی ئاسایی لەبەر بکات بۆ ئەوەی نەناسرێتەوە. هەروەها ئاگادارکردنەوە کرا کە دەرگاکانی ماڵەکان کراوە بمێنن، بۆ ئەوەی لە هەر بارودۆخێکدا خەڵك بتوانێت خۆی بە ماڵێکدا بکات.

دڵشاد باسی دەوری مامۆستایان دەکات کە شەوانە سەردانی دەکردن و لە ئامادەکاریدا بەشداری دەکردن. لەوانە مامۆستا عوسمان مامۆستای کوردی بوو کە دواتر بۆ ماوەیەك بوو بە سجنی سیاسی. هەروەها حمە فەرەج مامۆستای بیرکاری و مامۆستا سدیق و کۆمەڵێك مامۆستای تر دەوری باشیان هەبوو.

ئەم مامۆستایانە لە خانووی دێوانەدا بوون و شەوانە لەسەر بارودۆخەکە و خەباتەکە قسەیان دەکرد.

دڵشاد ئاماژەی تایبەت بەوە دەکات کە ماڵی ئەوان خۆی چەقی کاری ڕێکخستنەکان بوو، بەڵام ماڵی بەهرە، ماڵی شاسوار، ماڵی کاکە مین، ماڵی مام قادری حاجی و ماڵی قادر چاوشین هەموویان بوون بە بنکەی ڕێکخستن. هەروەها بۆ سەلامەتی و ئەمنیەت، چەندین جار لە ماڵی نادر و حسین و هاوڕێکانیاندا کۆبوونەوە کرابوو.

ڕاپەڕینەکە تەنها لە قەڵادزێ نەمایەوە، بەڵکوو هەموو شارەکانی کوردستانی گرتەوە. قەڵادزێ یەکەم شوێن بوو دەستی پێکرد، خێرا هەوڵیان دا لە ڕانیە و بەستەسێن و چوارقوڕنە و شوێنەکانی تریش دەست پێبکات. خودی دڵشاد لە ڕۆژی خۆپیشاندانەکەدا لە سەرقەبران بەشدار نەبووە چونکە تاقیکردنەوەی دەرەکیی هەبووە لە سلێمانی. بەڵام تا یەك ڕۆژ پێش تاقیکردنەوەکەی لە قەڵادزێ بووە و لە هەموو چالاکییەکاندا بەشداری کردووە. دوای گەڕانەوەشی لە هەموو مانگرتن و موزاهەرەکانی تردا بەشدار بووە.

ڕاپەڕینەکە بەبێ خوێن نەبوو. دوو شەهید بەناوبانگ کەوتن: شەهید سنەوبەر کە لە کاتی پەڕینەوە لە ئاوەکەدا خنکا و شەهید بوو (نەك بە فیشەك)، و دایکە ئامینە. هەروەها دوو بریندار کەوتن: عمری خدر نورەدینی و عوسمانی مەلا عبداللەی خاص.

هێرشی هێزەکانی ڕژێم تەنها لە دژی خەڵك نەبوو، بەڵکوو دووکانەکان و ماڵەکانیشیان تووش کرد. دوکانەکەی دڵشاد و خێزانەکەی کە لە خوار بانکی کۆنەوە بوو لە بەرامبەر مەکتەبی ئاسۆس، تەواو وێران کرا. جام و تەسجیلات و هەموو شتێکی شکا و خەسارێکی زۆری لێکەوت. لەو ڕۆژەدا مامۆستا خدر برای ڕسوی حسن ئاغا و لەتیفی برای دڵشاد زۆر ئازاردران و بلۆکیان بە پشتیاندا دابوو. شێرکۆی برای دڵشاد لەوێ بوو لەو دەقەی تەقەیان لێکردبوو بەڵام توانیبووی دەربچێت و هەڵبات.

تیپی ٤٣ و ٦٣ ڕایەڵە بوون لە نێوان ڕێکخستنەکان و مەفرەزەکانیان بۆ داخڵبوون بۆ ناو شار دانابوو. ئەم تیپانە نزیك بوون لە ناودەشت و گەرمکان و بەشێك لە مەفرەزەکانیان داخڵی ناو شار کرابوو پێش ڕاپەڕینەکە. هەروەها شەڕی پێماڵك وەك بزوێنەرێك بۆ جۆشی خەڵك، شەڕی دوو شەهید ئەحمەد ئاودەل لە ئۆردوگای پێماڵك شەڕێکی قارەمانانە و بێوێنە بوو.

دڵشاد وتیڵ: یەکێتی تەنها هێز بوو کە ئامادەیی قوربانیدانی هەبوو. سۆسیالیست تا ڕادەیەك باش بوو و هەندێك بەشداری کردبوو. مصطفیی کاك غەفور شەوێك هاتبووە مزگەوت و قسەی کردبوو لەو کاتەی کە پێشمەرگەش لەوێ بوون، ئەمە دەکرێت بە دەوری حزبی شیوعی حیساب بکرێت. بەڵام وەك ڕێکخستن، دڵشاد پێیوایە کەسیان ئامادەیی نەبوو و ئەو ئامادەییەی کە یەکێتی هەیبوو بۆ قوربانیدان لای حزبەکانی تر نەبوو.

لە بەشێکی سەرنجڕاکێشی چاوپێکەوتنەکەدا، دڵشاد ڕەخنە لە بڕیاری هێنانی زانکۆی سلێمانی بۆ قەڵادزێ لەو کاتەدا دەگرێت. بەگوێرەی ئەو، ئەم بڕیارە لەو بارودۆخەدا هەڵە بوو چونکە خەڵکی سلێمانی هەڵدەکەندرا و ڕادەکێشرا بە بیانووی زانکۆ، بەڵام هیچ چەکێکی بەرگری پێ نەدرابوون. دڵشاد پرسیارێکی بنەڕەتی دەکات: کاتێك زانکۆکەت بهێنیت بۆ قەڵادزێ بەبێ ئەوەی چەکی بەرگری هەبێت، ئەوا ڕاپەڕین و ڕێکخستن چۆن دەکرێ؟ کاتێك خەڵکی شارەکان و دێهاتەکان چۆڵ بکرێت، شۆڕش لە ناو کێدا دەکرێ؟ ئەو پێی وایە کە خەڵکی ئەو سەردەمە هەموویان ئامادەیی کوردایەتییان هەبوو و لە دڵسۆزی و بەرائەتیدا کەموکوڕییان نەبوو، بەڵام ئەوانەی بردیانن هەموویان بە شودان بردیانن و خۆیان لە بەرپرسیارێتییەکە دزییەوە



دیمەنێک لەگەڕەکی شەهیدانی قەڵادزێ

«سەرەتا بڕیار بوو لە نەورۆز بکرێت، بەڵام بۆ ئەوەی فراوانتر بکرێت، گۆڕدرا بۆ ٢٤ی نیسان»

## ٢٠٪ ی داهاتی مەرزی کێلێ

# بۆ پشدەر کەی دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە



جووت سایدی قەڵادزێ - ژاراوە

ئامادەکردنی: دشتی ڕەسوڵ

لە پانزەی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤دا، ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیارێکی دەرکرد کە بە نووسراوی ژمارە ١٢٩٠٩ تۆمار کرا. ناوەڕۆکی بڕیارەکە ڕوون بوو: بیست لەسەدی داهاتی مەرزی کێلێ بە شێوەی نەختینەی مانگانە سەرف بکرێت بۆ تەواوکردنی ئەو پرۆژانەی کە لە سنووری قەزای پشدەر وەستاون و تەواو نەکراون. ئەم بڕیارە لەسەر کاغەز وەعدێکی بەبەها بوو بۆ خەڵکی ئەو قەزایەی کە دەیان ساڵە لە مافی گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوە وەك ئەوەی پێویستە بێبەشن. بەڵام مانگان تێپەڕین و واقیع وتەیەکی تری دەڵێت: هیچ دیناریەك لەو بڕیارەوە نەچووەتە بواری جێبەجێکردن.

عباس مەحمەد، بەڕێوەبەری گومرگی ڕاپەڕین، بۆ ڕۆژنامەی قەڵادزێ ئەم واقیعەی ڕوونکردەوە: وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ئەو ڕۆژە هیچ میکانیزمێکی بۆ گومرگەکە نەناردووە کە ئاماژە بەوە بکات کە لە داهاتی مەرزەکە ئەو بڕە پارەیە تەرخان بکرێت و بچێتە بەرامبەر ئاوەدانکردنەوەی قەزای پشدەر. ئەم وتەیە لە زمانی بەرپرسێکی ئیداری ڕاستەوخۆ، بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەر ئەوەی کە بڕیارەکە لە ئاستی سیاسیدا ماوەتەوە و هیچکاتیش نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە بتوانرێت لە ڕووی ئیداری و داراییەوە کاری لەسەر بکرێت.

### ئەو پرۆژانەی چاوەڕوانی ئەم بوودجەیە دەکەن

لە نێو ئەو پرۆژانەی کە دەبووایە لەم بوودجەیەوە سوود وەربگرن، دووانیان بە تایبەتی دیارن و گرنگن بۆ ئایندەی ناوچەکە. یەکەمیان پرۆژەی بە دوو سایدکردنی ڕێگەی ژاراوە - دەربەندە. ئەم ڕێگەیە ڕەگەزی سەرەکیی هاتوچۆی دانیشتوان و بازرگانییە لە قەزای پشدەردا و لە ڕووی ئەمنیەتی هاتوچۆ و گەشەی ئابووری کاریگەریی ڕاستەوخۆ دەبێت. پڕی تەواوی پرۆژەکە سی و سێ ملیارد دیناری عیراقییە و نیوەکەی بۆ تەرخان کراوە، واتە تەقریبەن شانزە ملیارد و نیو ملیارد دینار. بەڵام ئەم پارەیە نەگەیشتووە و پرۆژەکەش وەستاوە.

پرۆژەی دووەم بنیاتنانی بەشی کشتوکاڵییە لە زانکۆی قەڵادزێ. بڕی پێنج ملیارد دیناری بۆ تەرخان کراوە. ئەم پرۆژەیە لە ڕووی ستراتیژییەوە گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە چونکە ناوچەی پشدەر بنەمایەکی کشتوکاڵیی بەهێزی هەیە و پێویستی بە کادری پسپۆڕی ئەم بوارە هەیە. بنیاتنانی ئەم بەشە لە زانکۆدا دەتوانێت ئایندەی کشتوکاڵیی ناوچەکە بگۆڕێت و نەوەیەکی نوێی پسپۆڕ بۆ ناوچەکە پەروەردە بکات. بەڵام وەك ئەو پرۆژەی تریش، ئەمەش لە ئاستی بیرۆکەدا ماوەتەوە و هیچ هەنگاوێکی کرداری بەرەوڕوویی نەکراوە.

بۆچی بڕیارەکە نەچووەتە بواری جێبەجێکردن

یەکەم هۆکار نەبوونی میکانیزمی ئیدارییە. وەك بەڕێوەبەری گومرگ خۆی ئاماژەی پێکرد، هیچ ڕێنماییەکی تەکنیکی و ئیداری لەلایەن وەزارەتی داراییەوە بۆ گومرگەکە نەنێردراوە. ئەمە واتای ئەوەیە کە بڕیارەکە بە شێوەی فەرمانی گشتی دەرچووە بەبێ ئەوەی ڕێکارە تەکنیکییەکانی ڕوون بکرێتەوە. لە هەر سیستەمێکی داراییدا، بۆ ئەوەی بڕە پارەیەك لە سەرچاوەیەکەوە بگوازرێتەوە بۆ مەبەستێکی تایبەت، پێویستە ڕێنمایی ڕوون بۆ بەشی حیسابداری و دارایی بنێردرێت کە ئاماژە بە شێواز و بەروار و ڕێژە و مەبەستی سەرفکردنەکە بکات. ئەم ڕێنماییە هیچکاتیش نەنێردراوە و بڕیارەکە لە ئاستی نووسراوی گشتیدا ماوەتەوە.

هۆکاری دووەم پەیوەندی بە سەنترالیزمی داراییەوە هەیە. داهاتی گومرگی مەرزی کێلێ بە ئاسایی دەچێتە ناو حسابی گشتیی وەزارەتی دارایی و لەوێوە دەبێتە بەشێك لە داهاتی گشتیی هەرێم. بۆ ئەوەی بیست لەسەدی ئەم داهاتە جیا بکرێتەوە و ڕاستەوخۆ بچێتە بەرامبەر پرۆژەکانی پشدەر، پێویستە گۆڕانکارییەك لە ستراکچەری دارایی بکرێت. ئەم گۆڕانکارییە وا دیارە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە بەدڵبەر نییە، چونکە واتای لادانی بەشێك لە داهاتی مەرکەزییە بۆ مەبەستێکی ناوچەیی و ئەمەش دەکاتە بۆنەیەك بۆ ناوچەکانی تر کە داواکاریی هاوشێوە بکەن.

هۆکاری سێیەم ئیرادەی سیاسی و جیاکاریخوازی. بڕیارەکە بڕیارێکی ڕەسمییە بەبێ ئەوەی ئیرادەیەکی جدیی و ڕاستەقینەی سەرۆکی حکومەت لەپشت جێبەجێکردنییەوە هەبێت. شوێنەوارەکانی ئەمە ڕوونن: ئەگەر وابووایە، لانیکەم لە ماوەی مانگی یەکەمدا ڕێنمایی تەکنیکی دەنێردرا و دەزگای بەرپرس دیاری دەکرا و بەرنامەی کاتی بۆ جێبەجێکردنی دادەنرا. ئەمانەی هیچکامیان نەکراوە.

هۆکاری چوارەم چالاکنەبوونی و چاودێریی پەرلەمانییە. پەرلەمانی کوردستان کە یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی چاودێریکردنی کاری حکومەتە، لەم بارەیەوە خۆی ناکارا و بێدەنگە. هیچ پرسیاری پەرلەمانییەك ئاڕاستەی وەزارەتی دارایی یان ئەنجومەنی وەزیران نەکراوە لەبارەی ئەم بڕیارە و جێبەجێکردنی. ئەم بێدەنگییە ڕێگەی بە حکومەتداوە بڕیارەکە پشتگوێ بخات بەبێ ئەوەی هیچ لێپرسینەوەیەك ڕووبەڕووی ببێتەوە. ئەگەر پەرلەمان ئەرکی چاودێریی خۆی جێبەجێ دەکرد، لانیکەم حکومەت ناچار دەبوو وەڵامێکی ئاشکرا بداتەوە و هۆکارەکانی نەجێبەجێکردنەکە ڕوون بکاتەوە.

هۆکاری پێنجەم پەیوەندی بە ڕکابەری سیاسی و ناوچەییەوە هەیە. مەرزی کێلێ لە سنووری ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕینە و داهاتەکەی بە ئاسایی بەشێك لە داهاتی گشتیی هەرێمە. تەرخانکردنی بیست لەسەدی ئەم داهاتە بۆ ناوچەیەکی تایبەت لەوانەیە لەلایەن بەشێك لە بڕیاردەرانەوە وەك بۆنەیەکی مەترسیدار ببینرێت، چونکە ئەگەر ئەمە جێبەجێ بکرێت ڕەنگە وەك فەزڵێك بۆ لایەنەکەی تر لێکبدرێتەوە، یان بخوازرێ هەمان ئەو پشکە بدرێتە ئیدارە و شار و ناوچەیەکی تر.

لایەنی یاسایی و دامەزراوەیی بابەتەکە لە ڕووی یاساییەوە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران هێزی پابەندکاری هەیە و دامەزراوەکانی حکومەت ئەرکیانە جێبەجێی بکەن. کاتێك وەزارەتی دارایی میکانیزمی جێبەجێکردن نانێرێت و بڕیارەکە بەردەوام بەبێ کردار دەمێنێتەوە، ئەمە دەتوانرێت وەك سەرپێچییەك لە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران تەماشا بکرێت. واتە ئەم بابەتە تەنها کەموکوڕییەکی ئیداری نییە، بەڵکوو لایەنی یاسایی و بەرپرسیارێتیی ئیداری هەیە کە دەبوایە لێپرسینەوەی لەسەر بکرایە.

هەروەها گرنگە ئەم بڕیارە لە چوارچێوەیەکی فراوانتردا تەماشا بکرێت. تەرخانکردنی بەشێك لە داهاتی سەرچاوەیەکی تایبەت بۆ ناوچەیەکی تایبەت، لە بنەمادا پرەنسیپی ئەرێنی و دادپەروەریی جوگرافییە. ئەم پرەنسیپە لە فەلسەفەی سیاسیدا بنەمایەکی بەهێزی هەیە: ناوچەیەك کە زیاتر لە هەموو شوێنێك قوربانی بووە و زیاتر لە هەموو شوێنێك ماندووبووە، دەبێت لە دابەشکردنی سامانی گشتیدا پشکی زیاتری پێبدرێت تا بتوانرێت ئاستی ئەو ناوچەیە بگەیەنرێتە ئاستی ناوچەکانی تر. بۆیە ئەم بڕیارە لە بنەڕەتدا بڕیارێکی دروست و دادپەروەرانەیەو جێبەجێنەکردنی لە ڕاستیدا بێدادییەکی تازەیە لەسەر ناوچەیەك کە پێشتریش بێدادیی زۆری بەسەردا هاتووە.

کاریگەریی ئابووریی جێبەجێنەکردنەکە بۆ ئەوەی مەودای کاریگەریی جێبەجێنەکردنی ئەم بڕیارە بزانین، پێویستە سەرنج بدرێت کە مەرزی کێلێ یەکێکە لە مەرزە بازرگانییە چالاکەکانی هەرێمی کوردستان و داهاتێکی بەرچاوی مانگانە هەیە. ئەگەر بیست لەسەدی ئەم داهاتە لە ڕۆژی یەکەمی دەرچوونی بڕیارەوە تەرخان دەکرا، تا ئێستا بڕێکی بەرچاو کۆدەبوویەوە کە دەتوانرا لانیکەم دەستبکرایە بە بەشێك لە پرۆژەکان. بەڵام لە ڕاستیدا نەك ئەو پارەیە نەگەیشتووە، بەڵکوو تەنانەت میکانیزمی ناردنیشی دانەنراوە. ئەمە واتای ئەوەیە کە لە هەر مانگدا قەزای پشدەر ئەو دەرفەتە لەدەست دەدات و پرۆژە وەستاوەکان ڕۆژ بە ڕۆژ تێچوویان زیاتر دەبێت چونکە نرخی بەردی تواندن و ئاسن و ئاسفاڵت و مەوادی بیناسازی بەردەوام دەگۆڕێت و بەرەو سەرەوە دەچێت. واتە هەر چەندە دواتر بڕیارەکە جێبەجێ بکرێت، تێچووەکە زیاتر دەبێت و ئەو بیست لەسەدەش کەمتر دەگات.

### قەزای پشدەر لە بەراوردکردندا لەگەڵ ناوچەکانی تر

پرسیاری گرنگ ئەوەیە کە ئایا لە هەرێمی کوردستان ناوچەکانی تر لەم جۆرە تەرخانکارییە سوودیان لێوەرگرتووە و قەزای پشدەر تەنها ناوچە بووە کە پشتگوێ خراوە. ئەم پرسیارە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاترە، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەم قەزایە کە یەکێکە لە گەورەترین قوربانییانی بۆردومان و ڕاگواستن و وێرانەییە، هەتا ئێستا لە ڕووی ژێرخانی ئابووری و خزمەتگوزارییەوە یەکێکە لە هەرە کەمبەشەکانی هەرێم. ئەم جیاوازییە نێوان ئاستی قوربانیبوون و ئاستی سوودمەندبوون لە سامانی گشتی، خۆی بابەتێکی لێکۆڵینەوەیی و سیاسیی قووڵە کە دەبێت بە جدی کاری لەسەر بکرێ و بۆ خەڵکی ئەم ناوچەیە و نوێنەرانی ئەوان لە پەرلەمان ئەرکێکی سەرەکییە.

### چی دەکرێت بکرێت

لە ڕووی کردارییەوە، چەندین هەنگاو هەیە کە دەکرێت بۆ ئەوەی ئەم بڕیارە لە کاغەزەوە بچێتە بواری واقیع. پێویستە وەزارەتی دارایی بێدەنگییەکەی بشکێنێت و بە ئاشکرایی ڕوونبکاتەوە بۆچی میکانیزمی جێبەجێکردنی بڕیارەکەی نەناردووە و بەرنامەکەی بۆ ئایندە چییە. ئەگەر وەزارەت هۆکاری تەکنیکی یان دارایی هەیە، با ئاشکرا بکات تا خەڵك بزانن، نەك ئەوەی بێدەنگی بکات و بڕیارەکە بچێتە بیرەوەری.

پەرلەمانی کوردستان ئەرکی ئاشکرایە لەم بارەیەدا. دەبوایە ئەندامانی پەرلەمان بەتایبەتی ئەوانەی نوێنەری ناوچەکەن، پرسیاری پەرلەمانی ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی بکەن و هۆکاری نەجێبەجێکردنەکە بخەنە بەردەم ڕای گشتی. هەروەها ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین و قایمقامی قەڵادزێ دەتوانن بە شێوەی فەرمی و یاسایی شکایەتنامە ئاڕاستەی دامەزراوە پەیوەندیدارەکان بکەن و بابەتەکە زیندوو بمێنێتەوە.

ڕێکخراوە مەدەنییەکان و میدیای ناوچەکەش دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن بە چاودێریی بەردەوامی ئەم بڕیارە و بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی مانگانە لەبارەی بارودۆخی جێبەجێکردنییەوە.

لە کۆتاییشدا پێشنیار دەکرێت ئەنجومەنی وەزیران بە میکانیزمی ڕوون و بەرنامەی کاتی تایبەت و دیاریکردنی دەزگای بەرپرس بۆ جێبەجێکردنی هەڵبستێت، بۆ ئەوەی ئەو بڕیارە وەك نووسراوی ناو فایلەکان نەمێنێتەوە.

بڕیاری تەرخانکردنی بیست لەسەدی داهاتی مەرزی کێلێ بۆ پرۆژەکانی قەزای پشدەر لە بنەڕەتدا بڕیارێکی دروست و دادپەروەرانە بوو. ئەم قەزایە کە لە مێژووودا قوربانیی بۆردومان و ڕاگواستن و ئەنفال بووە، شایستەی ئەوەیە لە دابەشکردنی سامانی گشتیدا پشکی زیاتری پێبدرێت. بەڵام بڕیار بەبێ جێبەجێکردن تەنها بەڵێنێکی والایە و بەڵێنی والا نەك تەنها کێشەکان چارەسەر ناکات، بەڵکوو متمانەی خەڵکی بە دامەزراوەکانی حکومەت لاواز دەکات و ئەم لاوازبوونەی متمانە خۆی زیانێکی درێژماوەیە کە تێچووەکەی لە هەر پرۆژەیەکی بیناسازی زیاترە.

خەڵکی قەزای پشدەر و شاری قەڵادزێ ناوچەیەکی لەیادنەکراوە نین. ئەوان ناوچەیەکن کە دەبوایە لە سەرەتای لیستی گەشەپێدان بوونایە نەك لە کۆتاییدا. ئەم ڕاپۆرتە بانگەوازێکە بۆ هەموو لایەنە بەرپرسەکان کە بڕیارەکان لە کاغەزەوە بهێننە بواری واقیع و بەرپرسیارێتیی خۆیان بەرامبەر بە ئەم ناوچەیە جدی بگرن، بۆ ئەوەی ئەم ٢٤ی نیسانەی تر تەنها ساڵەیادی شیوەن نەبێت، بەڵکوو ساڵەیادی هەنگاوێکی ڕاستەقینەی ئاوەدانکردنەوەش بێت.

# ماڵی لاوان، هێشتا وەک پەیکەرێکی کۆنکرێتیی بێدەنگە

ئامادەکردنی: سەهەند یاسین

قەڵادزێ - پڕۆژەی ماڵی لاوان لە شاری قەڵادزێ، کە بڕیاربوو ببێتە ناوەندێکی گەورەی وەرزشی و ڕۆشنبیری بۆ گەنجانی سنووری پشدەر، دوای ١٢ ساڵ لە دەستبەکاربوون و خەرجکردنی بڕە پارەیەکی زۆر، هێشتا وەك پەیکەرێکی کۆنکرێتیی بێدەنگ ماوەتەوە. پڕۆژەکە کە لەسەر ڕووبەری ٤٠٠٠ مەتری چوارگۆشە بنیات نراوە، بووەتە نموونەی ئەو پڕۆژە ستراتیژییانەی کە لە نێوان قەیرانی دارایی و کەمتەرخەمیی کارگێڕیدا پەککەوتوون.

ئاوارە هێرۆیی، بەڕێوەبەری ناوەندی وەرزش و لاوانی قەڵادزێ، نیگەرانیی قووڵی خۆی لە تەواو نەکردنی پڕۆژەی ماڵی لاوانی شارەکە دەربڕی و ڕایگەیاند: ئەم پڕۆژەیە لە ساڵی ٢٠١٤وە بە گوژمەی ٢.٥ ملیار دینار دەستی پێکردووە، بەڵام دوای ١٢ ساڵ هێشتا تەواو نەکراوە. هۆکارەکەشی تەنها یەك شتە: نەبوونی بودجەی پێویست.

هێرۆیی ئاماژەی بەوەش کرد کە بڕیاربوو کۆمەڵگەیەکی وەرزشیی هەمەلایەنە لەگەڵ بیناکەدا دروست بکرێت، بەڵام هیچ هەنگاوێکی کردەیی بۆ نەنراوە. ئەو دەڵێت: خەڵکی شارەکە زۆر دڵیان بەوە خۆشبوو بڕیاری خەرجکردنی لەسەدا بیستی داهاتی مەرزی کێلی دەبێتە هۆی بوژانەوەی شار و پڕۆژە وەستاوەکان دەخاتەوە کار، بەڵام بەداخەوەین تا ئێستا ئەم بڕیارە نەچۆتە بواری جێبەجێ بوونەوە. ئەگەر مانگانە تەنها بڕێکی کەم لە داهاتی مەرزی کێلێ بۆ پڕۆژەکانی ئەم شارە خەرج بکرایە، ئێستا پشدەر لە قۆناغێکی ئاوەدانیی زۆر جیاوازتردا دەبوو.

بە وتەی بەڕێوەبەری وەرزش و لاوان، تەواوکردنی ئەم بینایە تەنها خزمەت بە گەنجان ناکات، بەڵکوو لە ڕووی ئابوورییەوە داهاتێکی زۆر بۆ شارەکە دەگەڕێنێتەوە، چونکە جێگەی مانەوە و سەرجەم پێداویستییەکانی تێدایە و یانە وەرزشییەکان دەتوانن لەبری چوونە دەرەوە، سوود لەم ناوەندە وەربگرن بۆ کەمپە مەشقییەکانیان.

### مێژوویەکی پڕ لە ڕاگرتن؛ لە شەڕی داعشەوە تا پەتای کۆرۆنا

حاجی قادر، بەڕێوەبەری کۆمپانیای کاوە بۆ بەڵێندەرایەتی گشتی، کە کۆمپانیای جێبەجێکاری پڕۆژەکەیە، وردەکاریی دارایی و کاتیی پڕۆژەکەی بۆ ڕۆژنامەی قەڵادزێ خستە ڕوو:
٢٠/٢/٢٠١٤: دەستپێکردنی کارەکان بە تەرخانکردنی ٥٠٠ ملیۆن دینار.
١٥/١٢/٢٠١٤: ڕاگرتنی پڕۆژەکە بەهۆی شەڕی داعش و قەیرانی دارایی.
٢٠١٨: دەستپێکردنەوەی کارەکان و خەرجکردنی ٣٠٠ ملیۆن دیناری تر.
٢٠١٩ - ٢٠٢٠: دووبارە ڕاگرتنی کارەکان بەهۆی پەتای کۆرۆناوە.

حاجی قادر ئاشکرای کرد کە لە ساڵی ٢٠٢٤دا، بە بڕیاری قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆك وەزیران، بڕیار دراوە ٥٠٠ ملیۆن دیناری تر بۆ تەواوکردنی پڕۆژەکە تەرخان بکرێت، بەڵام ئاستەنگی نوێ هاتە پێش: ئیدارەی ڕاپەڕین بڕی پارە تەرخانکراوەکەی بۆ خەرج نەکردین، هەر بۆیە کارکردن تێیدا وەستایەوە. ئێستا پڕۆژەکە ٨٠٪ی کارەکانی تەواو بووە. بە وتەی بەڵێندەرەکە، زۆربەی ئامێرە گرانبەهاکان وەك سیستەمی چیلەر و مۆلیدە گەورەکان (٤٠٠ کەیڤی) دابین کراون و تەنها یەك مۆلیدە ماوە بکڕدرێت، بەڵام بەهۆی خەرجنەکردنی شایستە داراییەکان کە لای حکومەت ماوە، ناتوانرێت ٢٠٪ی کۆتایی تەواو بکرێت.

« ١٢ ساڵە پڕۆژەیەکی ٢.٥ ملیار دیناری بووەتە قوربانیی خەرجنەکردنی بودجە»

### ناوەندێک بۆ پێگەیاندن

ماڵی لاوان تەنها یاریگایەك نییە، بەڵکوو وەك ئاوارە هێرۆیی باسی دەکات، بڕیارە ببێتە مەڵبەندێکی گەورەی هونەری، ئەدەبی، مۆسیقا، شانۆ و وێنەکێشان. هەروەها هۆڵەکانی تایبەت دەبن بە ئەنجامدانی کۆنفرانس و سیمیناری زانستی بۆ گەنجانی ناوچەکە.
ئێستا چاوی گەنجانی قەڵادزێ لەسەر ئیدارەی ڕاپەڕین و لایەنە پەیوەندیدارەکانە؛ ئایا ئەو ٥٠٠ ملیۆن دینارەی بۆ پڕۆژەکە تەرخان کراوە خەرج دەکرێ، یان ماڵی لاوان وەك یادگارییەکی نیوەچڵی ساڵی ٢٠١٤ هەر بە ڕووی گەنجاندا بە داخراوی دەمێنێتەوە؟


دیمەنێک لە ماڵی لاوان لە قەڵادزێ بە تەواونەکراوی

«گەنجانی پشدەر لە چاوەڕوانیی ٢٠٪ی کۆتاییدا؛ پڕۆژەیەکی ٢.٥ ملیار دیناری بەهۆی ٥٠٠ ملیۆنەوە پەکخراوە»

# قەزای پشدەر، چارەنووسی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون بە ناڕوونی ماوەتەوە

ئامادەکردنی: ڕێباز مام شۆڕش

قەڵادزێ - لە کاتێکدا شاری قەڵادزێ و خەڵکە خۆڕاگرەکەی خۆیان ئامادە دەکەن بۆ یادکردنەوەی ٥٢ ساڵەی بۆردومانە دڕندانەکەی شارەکەیان و ٤٤ ساڵەی ڕاپەڕینە مەزنەکەیان، کەچی لە بری پاداشتکردنیان، تا ئێستا برینی بێخزمەتی و بێلانەیی لە جەستەی دانیشتووانەکەیدا سارێژ نەبووە. سەرەڕای تێپەڕبوونی زیاتر لە ١٠ ساڵ بەسەر بەڵێنی حکومەت بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ کرێنشینان و کەمدرامەتانی سنووری قەزای پشدەر، تا ئێستا چارەنووسی پڕۆژەکە بە ناڕوونی ماوەتەوە.

لەم شارەدا کە مێژوویەکی پڕ لە قوربانیدانی هەیە، لە ئێستادا لە سنوورەکەدا زیاتر لە هەزار خێزانی کرێنشین هەن کە بەهۆی بەرزیی نرخی کرێی خانوو و دواکەوتنی مووچەوە، ڕووبەڕووی قەیرانی سەختی بژێوی و کۆمەڵایەتی بوونەتەوە. پڕۆژەی دروستکردنی شوقەکان کە بڕیاربوو لەلایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە جێبەجێ بکرێت و بە نرخێکی ڕەمزی بدرێتە کرێنشینان، بەهۆی دابیننەکردنی خزمەتگوزاری و تەواونەکردنیانەوە، بووەتە جێگەی نائومێدیی هاووڵاتیان.

### ٩٦ شوقە تەواوکراون، بەڵام دابەش ناکرێن

هەردی وەستا قادر، سەرۆکی لقی ڕاپەڕینی کۆمەڵەی کرێنشینانی کوردستان، لە لێدوانێکی تایبەتدا بە «ڕۆژنامەی قەڵادزێ»ی ڕاگەیاند: چەندین ساڵە لە هەریەك لە ناحیەی سەنگەسەر و قەڵادزێ دەست بە دروستکردنی چەندین یەکەی نیشتەجێبوون کراوە، بەڵام بەشێکی زۆریان تەواو نەکراون. تەنانەت ئەوانەشی کە تەواوکراون، بەهۆی دابەشنەکردنیانەوە خزمەتگوزارییەکانیان لەناوچوون.

بە وتەی سەرۆکی لقی ڕاپەڕینی کۆمەڵەی کرێنشینان، لە ئێستادا لە سنووری قەزای پشدەر تەنها ٩٦ شوقە تەواو بوون (٤٨ شوقە لە سەنگەسەر و ٤٨ شوقە لە قەڵادزێ). ناوبراو هۆکاری دابەشنەکردنی بۆ دوو هۆکار گەڕاندەوە: یەکەم نەبوونی بودجە بۆ تەواوکردنی خزمەتگوزارییەکان، دووەمیشیان داگیرکردنی بەشێك لەو شوقە تەواوکراوانە لەلایەن چەند کەسانێکەوە.

### کرێی خانوو هێندەی داهاتی مانگانەیە

ئەوەی دۆخەکەی هێندەی دیکە لەسەر کرێنشینان سەخت کردووە، بەرزبوونەوەی بەرچاوی نرخی کرێی خانووە بەجۆرێك کە هاوتا بووەتەوە لەگەڵ کۆی داهاتی مانگانەی خێزانەکان. ئەیوب عەبدوڵڵا، خاوەنی یەکێك لە نووسینگەکانی کڕین و فرۆشتن و بەکرێدانی خانوو لە قەزای پشدەر، ئاماژە بە هۆکارەکانی ئەم بەرزبوونەوەیە دەکات و دەڵێت: هۆکارەکان زۆرن، لەوانە کۆچکردنی بەردەوامی خەڵك لە گوندەکانەوە بۆ ناو شار، هەروەها نیشتەجێبوونی ئاوارە عەرەب و سوورییەکان و هاتنی هاووڵاتیانی ئێرانی بۆ ناوچەکە. ئەمەش وایکردووە خواست لەسەر خانوو زۆر بێت و نرخەکان بەرز ببنەوە. ئەو خاوەن نووسینگەیە دەشڵێت: ڕۆژانە خەڵكێکی زۆر سەردانمان دەکەن بۆ خانووی کرێ، بەڵام کرێکان بەرزن و خانووش کەمە، ئەمەش کێشەی گەورەی خێزانیی لێکەوتووەتەوە کە تەنها لە دەسەڵاتی حکومەتدایە چارەسەری بکات.

### بەهۆی نەبوونی خانووەوە ڕووبەڕووی ئەشکەنجەی دەروونی بوومەتەوە

قەیرانی نیشتەجێبوون کاریگەریی ڕاستەوخۆی خستووەتە سەر باری دەروونی و کۆمەڵایەتیی هاووڵاتیان. محێدین عەبدوڵڵا، کە هاووڵاتییەکی کرێنشینی ناوچەکەیە، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم دۆخە بووەتە هۆی کەمبوونەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری و دروستبوونی کێشەی خێزانی. ئەو دەڵێت: چەندین ساڵە دەستیمان پێدەکەن، هیوادارین حکومەت ئاوڕێك لەم خەڵکە هەژارە بداتەوە.

لە لایەکی ترەوە، ئامینە محەمەد، دانیشتووی گەڕەکی ڕاپەڕین لە قەڵادزێ، باس لە دۆخی سەختی ژیانی خۆی دەکات و دەڵێت: گوزەرانی هاووڵاتیان زۆر خراپە، پێنەدانی مووچە لە کاتی خۆیدا بارگرانییەکەی هێندەی تر قورس کردووە. ئەگەر توانام هەبوایە خانوویەکی کرێم دەگرت، بەڵام ئێستا بەهۆی نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونەوە ناچارم لەگەڵ برا و براژنەکەمدا بژیم. ئەم دۆخە ئەشکەنجەی دەروونی بۆ دروست کردووم و لایەنە پەیوەندیدارەکانیش هیچ ئاوڕێکمان لێنادەنەوە.

کرێنشینانی پشدەر، کە نەوەی ئەو کەسانەن باجی گەورەیان لە پێناو خاکەکەدا داوە، ئێستا لە نێوان بەڵێنە نەبراوەکانی حکومەت و قەیرانە ئابوورییەکاندا گیرییان خواردووە. ئەوان چاوەڕوانن ئەو یەکە نیشتەجێبوونانەی بە ناوی ئەوانەوە دروستکراون، لە داگیرکاری ڕزگار بکرێن و خزمەتگوزارییان بۆ دابین بکرێت، تا ببێتە مایەی حەوانەوەیان.


دیمەنێک لە شوقەکان

## ڕەگەزناسیی شارێک

# کە لە خۆڵەمێشی خۆیدا سەریهەڵدایەوە



دیمەنێک لە قەڵادزێ

ئامادەکردنی: بەختیار ڕاستی

ئەمڕۆ ٢٤ی نیسان، لە هەمان ئەو کاتەدا جیهان یادی جینۆسایدی ئەرمەنەکان دەکاتەوە، لە گۆشەیەکی پشتگوێخراوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شارێك هەیە بە ناوی قەڵادزێ، ناوەندی قەزای پشدەر، کە مێژووی هاوچەرخی خۆی لەسەر خۆڵەمێشی دوو کارەساتی گەورە بنیاتناوەتەوە. ئەوەی ڕۆژنامەگەریی کوردی تا ئێستا بە تەواوەتی درکی پێ نەکردووە ئەوەیە کە قەڵادزێ تەنها قوربانییەك نییە، بەڵکوو سەنتەری بەرگریی مۆدێرنە کە سیستەمی فاشیستیی بەعسی ناچارکرد مێژوویەکی نوێ بنووسێتەوە. ئەم ڕاپۆرتە هەوڵدەدات لە ڕوانگەی بووناسی و دیاردەناسییەوە ئەو ڕووداوانــە بخاتە ژێر شیکارییەوە و واتای فەلسەفیی ئەو ڕووداوانە ئاشکرا بکات.

### بۆردومان وەک پڕۆژەی سڕینەوەی ئەکلی کۆمەڵایەتی

ئـەوەی لە ٥٢ ساڵ لەمەوبەر لە قـەڵادزێ ڕوویدا، تەنها بۆردومانێکی سەربازی نەبوو. لە ڕوانگەی بووناسییەوە، هێرشکردنە سەر زانکۆ واتە هێرشکردنە سەر بنیاتنانەوەی ئەکلی کۆمەڵایەتی نەتەوەیەك. زانکۆ نەك تەنها شوێنی فێربوونە، بەڵکوو ئەو شوێنەیە کە نەتەوەیەك لەوێ خۆی وەك ئایندەدار دەبینێتەوە و بوونی خۆی لە ڕووی هزری و زانستییەوە ڕەوادەکـات. ڕژێمی بەعس لەمە تێدەگەیشت؛ ئەو تەنها خاکەکەی نەدەویست، بەڵکوو دەیویست مێشکی نـەوەی داهاتووی قـــەڵادزێ و کــورد بەگشتی لـەنـاو ببات. بۆیە بۆردومانی زانکۆ لە ١٩٧٤دا تاوانێکی ئاسایی سەربازی نەبوو، بەڵکوو پڕۆژەیەکی سیستماتیکی جینۆسایدی ڕۆشنبیری بوو کە ئامانجی لەناوبردنی توانایی نەتەوەیەك بوو لە بیرکردنەوەی ئازاد.

### زانکۆ وەک سەنگەری بوون

ئەگەر لە ڕوانگەی دیاردەناسیی هوسرلەوە سەیری ئەم ڕووداوە بکەین، قـەڵادزێ لەو ڕۆژەدا تەنها شارێکی جوگرافیایی نەبوو، بەڵکوو سەنگەری مەعریفی بوو. واتە شوێنێك بوو کە تێیدا بوونی کورد وەك نەتەوەیەکی خاوەن زانست و ئایندە خۆی دەرکی پێ دەکرد. مێژووی جیهان کەم شـاری وای تێدایە کە زانکۆیەکی تێدا کرابێتە ئامانجی یەکەمی فڕۆکە جەنگییەکان. ئەمە واتایەکی قووڵتر لەوەی هەیە کە تەنها ویرانکردنی بیناکان بێت؛ واتە ئەو ڕژێمە ویستوویەتی مۆری بوونی زانست لە سەر ئەو خاکە لابات. ئەم خاڵە پێویستە لە ناوەندە ئەکادیمییەکانی جیهان وەك تاوان دژی زانست بناسێنرێت، نەك تەنها وەك تاوانی جەنگ.

### هێرش لەسەر ئایندە

بۆردومانی زانکۆی سلێمانی لە قـەڵادزێ لە بنەڕەتدا هێرشێك بوو لە سەر ئایندە، نەك تەنها لە سەر ئێستا. کاتێك ڕژێمێك زانکۆیەك بۆردومان دەکات، ئەوا نەك تەنها قوتابییەکانی ئەو ڕۆژە دەکوژرێن، بەڵکوو هەموو ئەو نەوانەش ئەو خوێندکارانە دەبوو پەروەردەیان بکەن و ڕابەرایەتییان بکەن، نامێنن. ئەمە ئەوەیە کە فەیلەسووفەکانی بووناسی پێیدەڵێن لەناوبردنی ئاسۆی ئیمکان؛ واتە نەك تەنها ئەمڕۆ تێکدەدەیت، بەڵکوو ئەو ئیمکانانەش دەسڕیتەوە کە سبەی لەوە دەهاتنەوە. ڕژێمی بەعس بە بۆردومانکردنی زانکۆی سلێمانی هەوڵیدا ئاسۆی ئیمکانی کورد بسڕێتەوە.

### ڕاپەڕین لەناو جەرگەی ترسدا

دوای ٨ ساڵ لەو برینە، لە ٢٤ی نیسانی ١٩٨٢دا، قەڵادزێ مۆدێلێکی نوێی لە بەرگریی سیاسی و مەدەنی پێشکەش کـرد. لەو سەردەمەدا هەموو ناوچەکە لەژێر سێبەری ترس و جەنگی عێراق-ئێراندا بوو و تەنانەت مەسەلەی مانەوەی خەڵك بابەتی ڕۆژانەیان بوو. لە ناو ئەو بارودۆخەدا، خەڵکی قەڵادزێ بە پشتیوانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەڵام بە دەستی خاڵی لە چەك ڕاپەڕین. ئەمە لە ڕوانگەی بووناسییەوە کرداری خۆدەرخستنی ئیرادەی کۆمەڵگە بوو؛ واتە کۆمەڵگەیەك بڕیاری دا بوونی خۆی ئاشکرا بکات، تەنانەت ئەگەر نرخەکەی مردنیش بێت.

### شکاندنی ترس وەک دیاردەیەکی فەلسەفیی

ڕاپەڕینی قەڵادزێ لە ١٩٨٢دا تەنها ڕاپەڕینێکی سیاسیی ناوخۆیی نەبوو. ئەمە درزی یەکەم بوو لە دیـواری دەسەڵاتێکی تۆتالیتار. بۆ تێگەیشتنی ئەمە، پێویستە بزانین کە ڕژێمی تۆتالیتار تەنها بە هێزی سەربازی ناخۆ بەڕێوە نابات، بەڵکوو بەشێکی گـەورەی هێزەکەی لەوەدایە کە ترس وەك کەلتوور دادەمەزرێنێت. کاتێك خەڵکی قەڵادزێ ڕاپەڕین، لە ڕاستیدا کەلتووری ترسیان شکاند. ئەمە واتە ئەو ڕاپەڕینە تەنها سیاسی نەبوو، بەڵکوو کرداری بووناسیی بوو؛ واتە خەڵکانێك بڕیاریان دا «بەم» بڵێن لە جیاتی ئەوەی بـەردەوام بن لە ژیانێکی سەرکوتکراو. ئەم درزە دواتر لە ساڵی ١٩٩١دا بووە هۆی ڕاپەڕینە گەورەکە و قەڵادزێ سەلماندی کە ئیرادەی شار بەهێزترە لە تەکنەلۆژیای سەرکوتکردن.

### قەڵادزێ وەک کتێبی ئازادی: سەرهەڵدانەوە لەناو نەمان

ئـەوەی پێویستە جیهان بیزانێت و میدیای کــوردی هێشتا بە تـەواوەتـی کـاری لەسەر نەکردووە ئەوەیە: قەڵادزێ یەکەمین شارە لە مێژووی مۆدێرندا کە بە چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی بۆردومانکرا و دواتــر شارەکە بەتەواوی ڕووخێندرا و خەڵکەکەی بە زۆرەملێ ڕاگوێزرا و زەوییەکەی قەدەغەی هاتن و چوونی خرایە سەر، بەڵام جارێکی تر وەك فۆنێکس لەناو خۆڵەمێشی خۆیەوە سەریهەڵدایەوە. ئەمە لە بووناسیدا واتــەی تایبەتی خۆی هەیە: قەڵادزێ بووە بە بەڵگەی ئەوەی کە بوونی نەتەوەیەك ناتوانرێت بە بۆردومان و لادان و قەدەغەکردن لەناو ببرێت، چونکە بوون لە بنەڕەتدا شتێکە کە لە ئیرادەوە سەرچاوە دەگرێت، نەك لە خاك و بینا. پشدەر تەنها ناوچەیەکی جوگرافی نییە، بەڵکوو تاقیگەی تاقیکردنەوەی هەموو چەکە قەدەغەکراوەکان و هەموو جۆرەکانی ئەشکەنجەی دەروونی بوو لەلایەن ڕژێمەوە، و خەڵکەکەی لە هەموو تاقیکردنەوەکاندا سەرکەوتوو بوون.

### قەڵادزێ لە سەدەی بیست و یەکدا، برینێکی کراوە و داواکارییەکی ماف

ئەمڕۆ، کاتێك سەیری قـــەڵادزێ دەکەین، دەبینین کە مێژووی پڕ لە شکۆی ئەم شارە لەگەڵ واقیعی خزمەتگوزارییەکانیدا ناگونجێت. ئەو شارەی کە لە ساڵی ١٩٧٤دا زانکۆی تێدا بوو، نابێت لە ساڵی ٢٠٢٦دا گەنجەکانی لە چاوەڕوانیی پـڕۆژەی نیوەچڵدا بن و ڕێگەوبانی وەك ئـەوە نەبن کە پێویستە. ئەمە نەگونجانێکی بووناسییە؛ واتە کۆمەڵگەیەك کە تا ئەو ئاستە بەرگری لە بوونی خۆی کـردووە، ئەوا مافی هەیە لە ئاستی ژیان و خزمەتگوزاریدا هاوتەراز بێت لەگەڵ ئەو قوربانییانەی داویەتی. لەلایەکی تریشەوە، ئەو بیرەوەرییانەی ٢٤ی نیسان نابێت تەنها لە ئاستی یادکردنەوەی ناوخۆییدا بمێنێتەوە.

### ٢٤ی نیسان وەک ڕۆژی جیهانیی پاراستنی ناوەندە زانستییەکان

قەڵادزێ پێویستی بە شیوەن نییە، پێویستی بە ناسینی نێودەوڵەتی هەیە. دەبێت ٢٤ی نیسان بکرێتە ڕۆژێکی جیهانی بۆ پاراستنی ناوەندەکانی زانست لە کاتی جەنگدا، بە ئیلهام وەرگرتن لە تراژیدیای زانکۆی سلێمانی لە قەڵادزێ. ئەم داواکارییە نەك تەنها مافی خەڵکی قەڵادزێیە، بەڵکوو پێویستییەکی گەردوونییە بۆ هەموو ئەو شار و ناوچانەی لە جیهاندا ناوەندە زانستییەکانیان بووەتە ئامانجی جەنگ و سەرکوت. کاتی هاتووە پشدەر لە بیرەوەرییەکی ناوخۆییەوە بگۆڕدرێت بۆ دۆسیەیەکی یاسایی و سیاسیی نێودەوڵەتی.

ئەوەی ٢٤ی نیسان فێرمان دەکات ئەوەیە: بوونی نەتەوەیەك تەنها بە خاك و بینا و ناسنامەی ڕەسمی نییە. بوون لە بنەڕەتدا کرداری ئیرادەیە. خەڵکی قەڵادزێ ئەمەیان سەلماند: کاتێ شارەکەیان زانکۆ میوانەکەیان بۆردومان کرا بیرکردنەوەیان وەلا نەنا، کاتێك ڕاگوێزکران بوونیان لەگەڵ خۆیان برد و کاتێك گەڕانەوە شاریان لەنوێ بنیات نایەوە. ئەمە فەلسەفەیەکی زیندووە کە لە مێژوودا نووسراوە بە خوێن و ئاگر و ئاوەدانکردنەوە. ئـــەوەی ئێستا پێویستە ئـەوەیـە کـە ئەم فەلسەفەیە لە ئاستی ناوخۆییەوە ببرێتە ئاستی جیهانی و بکرێتە بەشێك لە ویژدانی مرۆڤایەتی.

---

## یادەوەرییەک لە ڕۆژانی خەبات و بەرخودان

جەعفەر حەسەن

خەڵکی قـەڵادزێ و بەتایبەت ڕێکخستنەکان، پێش ٢٤ی نیسانی ١٩٨٢ بە بەرنامە و ئاگاداری سەرکردایەتی ی.ن.ك کەوتنە خۆئامادەکردن بۆ خۆپیشاندان و بەرپاکردنی ڕاپەڕین. هەڵبەتە ڕژێمیش جیاواز لە ساڵانی ڕابـردوو، بەهەموو هێزێکیەوە کەوتە خۆئامادەکردن بۆ ئەو ئەگەرە. سەرەنجام لە ٢٤ی نیسانی ١٩٨٢ دا وەك ئەوەی بەرنامەی بۆ داڕێژرا بوو، ڕێکخستنەکانی ناوشار بەتایبەت خوێندکاران، بەهەماهەنگی و پشتیوانی جەماوەر لەسەرجەم چین و توێژەکان، بورکانی ڕق و تۆڵەی هەشت ساڵەیان تەقیەوە. هەموویان لە بەرەبەیانی ئەو ڕۆژەدا لەسەر گڵکۆ و مەزاری شەهیدانی قەڵادزێ کۆبوونەوە و بەسروودی «ئەی ڕەقیب» و شەهیدان و چەندین دروشمی دیکەی شۆڕشگێڕانە و حەماسی، بەمەبەستی ڕاپەڕین و هەڵکوتانە سەر دەزگا سەرکوتکەرەکانی شارەکە، ڕووبەڕووی هێزەکانی ڕژێمی بەعس بوونەوە.

ئیدی لە چەندین لاوە کە گەمارۆ درابوون، پیاوانی ڕژێم کەوتنە تەقەکردن و گوللـە بارانکردنیان، بەتایبەت لە بەرزاییەکانی سەرقەڵات و گردی حوسنییەوە. سەرەنجام هەردوو شێرەژن ــ دایکە ئامینە و مامۆستا سنەوبەر ــ شەهیدکران، لەگەڵ بریندارکردنی چەندانی تر. یەکێك لەو بریندارانە ئامانج زاهیر بوو کە دوای چەندین ڕۆژ بەهۆی سەختی برینەکەیەوە ئەویش شەهیدبوو. هەروەها نزیکەی پەنجا کەس لە خوێندکارانی کوڕ و کچ دەستگیرکران.

ئەو ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەی قـەڵادزێ وەك وەرچەرخانێك سەرجەم شار و شارۆچکەکانی گرتەوە بەکەرکوکیشەوە. دواتر بەناچاری ڕژێم کەوتە دانوستان لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندەران و بەناچاری ملی دا بۆ چەندین مەرج، لەوانە ئازادکردنی سەرجەم گیراوەکان.

بێگومان ئەو خۆپیشاندانە بوو بە دەستکەوتێکی گـەورە و گـران بۆ هەموو کوردستان لەهەموو ڕوویەکەوە، بەتایبەت بۆ شاری قـەڵادزێ. ئەو ڕاستییە بەگوێی ڕژێم و هەموو دونیادا درا: بەڵێ، دەتوانن بە ئاگر و ئاسن و ناپاڵم بمانکوژن و بمانسوتێنن، بەڵام هەرگیز ناتوانن ئیرادە و گیانی ڕووبەڕووبوونەوە و دۆزە ڕەواکەمان تێکبشکێنن!

ئیتر ساڵانی دواتر، تا ڕاگواستن و تەختکردنی شارەکە لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٨٩دا، ڕژێم هەموو ساڵێك لەگەڵ نزیکبوونەوەی یادەکە هەموو جۆرە فشار و چاوسورکردنەوە و زەبر و زەنگێکی بەکارهێنا لەپێناو ڕێگریکردن و دوبارەنەبوونەوەی خۆپیشاندان و ڕاپەڕینی خەڵکی قەڵادزێ. بەڵام خەڵکە تێکۆشەرەکەی و ڕێکخستنەکان هەر بـەردەوام بوون لە هاوکاریکردنی پێشمەرگە و تۆڵەکردنەوە و ڕووبەڕووبوونەوە و دەستوەشاندن لە پیاوانی ڕژێم، چ لە ناوشار و چ لە دەرەوەی شـار. هەربۆیە قـــەڵادزێ پێدەستەمۆنەکراو قەڵادزێ، سەرباری هەموو تراژیدیا و مەرگەسات و ڕاگواستنیشی، دواجار هەر بە سیمبولی مایەوە.

لەدوای ڕاپەڕین، جیاوازتر لە ڕابردوو بەیەکجاری ئازاد و ئاوەدان کرایەوە. بەڵام بەداخەوە هێشتا زۆر پڕۆژە و خزمەتی گەورە ماوە کە بۆی نەکراوە لەهەموو ڕوویەکەوە. ئەو شارە و ناوچەکە بەگشتی پێویستی بە ئاوڕلێدانەوە و بەدەمەوەهاتنی خێرا هەیە لەهەموو سێکتەر و بوارەکانی: ئاوەدانی، کشتوکاڵی، ئابووری، و هەموو جۆرەکانی خزمەتگوزاری.

## لە ئەڵمانیا و ڕواندا تا قەڵادزێ

# کاتێک ماتەم بەتەنها بەس نییە

ئامادەکردنی:
ئامانج عومەر فەقێ ئیسماعیل

هەموو ساڵێك، کاتێك بیست و چواری نیسان دێتەوە، شاری قەڵادزێ جارێکی تر چاوەکانی بەڕووی ڕابردوودا هەڵدەهێنێتەوە. لەم ڕۆژەدا وتارەکان دەنووسرێن و دەخوێنرێنەوە، کۆبوونەوەکان ڕێکدەخرێن و فرمێسکێکی زۆریش دەڕێژرێن. بەڵام ئەو پرسیارە جەوهەری و سەرەکییەی کە تا ئێستا بە قووڵی بیری لێنەکراوەتەوە ئەوەیە: ئایا ئەم یادکردنەوانە بەڕاستی کاریگەرییەکی بونیادنەر و ئەرێنییان لەسەر شێوازی بیرکردنەوە و ئاراستەی نەوەی ئەمڕۆ هەیە؟ یان تەنها بوونەتە ڕیتواڵ و نەریتێکی ساڵانەی بێ ڕۆح کە بە هەمان شێوەی ساڵانی پێشوو دووبارە دەکرێنەوە، بەبێ ئەوەی لێیانەوە بە شێوەیەکی بابەتیانە و زانستییانە بڕوانرێتە ژیان و گوزەرانی ئێستای خەڵکی شارەکە؟ ئەم ڕاپۆرتە لە بنەڕەتدا هەوڵێکی دەردناسانە و شیکارییە، بۆ ئەوەی پێش ئەوەی تەنها ڕەخنە لە کەسانی تر بگرین، ئاوێنەیەك بخەینە بەردەم خۆمان و ڕەخنە لە خودی خۆمان بگرین. پێویستە بپرسین: ئایا ئێمە بەڕاستی یادی ئەو مرۆڤانە دەکەین کە لە پێناو ئەم خاکەدا ژیانیان لەدەستداوە، یان لە ڕێگەی ئەم بۆنانەوە تەنها یادی خۆمان دەکەینەوە و دۆخی دەروونیی خۆمان ئارام دەکەینەوە؟

ئەگەر بە دیدێکی ڕەخنەگرانە و قووڵەوە سەیری یادکردنەوەی ساڵانەی قەڵادزێ بکەین، بە ڕوونی دەبینین کە بەرنامەکان هەمیشە هەمان شێوە و قاڵبیان هەیە. هەمان ئەو وتارە دەخوێنرێتەوە کە زۆربەی وشە و دەستەواژەکانی هی ساڵی ڕابردوون، کەسێك وەك پێشکەشکار یان دامەزراوەیەك وەك سەرپەرشتیار بەڕێوەبردنی ئەم مەڕاسیمە پیرۆزانەی شارەکە دەگرێتە ئەستۆ، پاشان چەند سروود و تاجەگوڵێنە و چەند دڵۆپە فرمێسکێك دەڕێژرێت و لێدوانە میدیاییەکان و بەم شێوەیە کۆتایی دێت. بەڵام ئەگەر بپرسین دەرئەنجامی ئەم هەموو کۆبوونەوە و وتاردان و مەڕاسیمانە چییە، ئایا کام پڕۆژەی خزمەتگوزاری یان زانستی لەم یادکردنەوانەوە لەدایکبووە، یان کام گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە ژیانی هاووڵاتیاندا دروستبووە؟ وەڵامەکە زۆر سادەیە بەڵام زۆریش تاڵە: هیچ. یادکردنەوەی ڕاستەقینە و بەهاوەمەند دەبێ لە ڕوانگە و ئازاری قوربانییەکانەوە هەڵقوڵابێت، نەك لە تێڕوانینی ئەو کەسانەی کە تەنها لەسەر سەکۆکانەوە وتاری حەماسی دەخوێننەوە. کاتێك یادکردنەوە دەبێتە ڕیتواڵێکی بێ ناوەڕۆك، لە ڕاستیدا دەگۆڕێت بۆ فەرمالیتی و ڕۆتینێکی بەتاڵ تەنها بۆ تەسکین و ئارامکردنەوەی کاتیی دەروونی خۆمان. ئەمە خراپ نییە و پێویستییە، بەڵام نەك هەمووی نییە، ڕۆتینیشە، لەم دۆخەدا، یادکردنەوەکان دەبنە کاری ڕواڵەتی بۆ خۆدەرخستن و خۆ نمایشکردن، نەك دەرفەتێك بۆ بیرکردنەوەی دروست و بونیاتنانی تەندروستیی کۆمەڵایەتی.

لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتە ئاراوە دەربارەی ئەوەی کە کێ بەرپرسیارە لەم دۆخە چەقبەستووە. ئایا حکومەتی خۆجێیی شارەکە کەمتەرخەمە، ئایا ئەو دامەزراوە و کەسانە بەرپرسیارن ساڵ لە دوای ساڵ تەنها بەرنامەی یادکردنەوە ڕێکدەخەن، یان تاوانەکە لە ئەستۆی ئەو کۆمەڵگەیەدایە کە بە ڕواڵەت گرنگی بە یادی قوربانییەکان دەدات بەڵام فەرامۆشی دەکات کە بۆچی تا ئێستا کێشەکانیان چارەسەر نەکراون؟ بۆردومانی بیست و چواری نیسانی ساڵی ١٩٧٤، کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاران و هاووڵاتیانی بێتاوانی شارەکە شەهید بوون، لەبری یادکردنەوەی ڕووکەش، پێویستی بە پڕۆژەیەکی مەزنی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و زانستی هەیە. ڕاپەڕینەکانی ساڵانی هەشتاکانیش هەر بە هەمان شێوە بێبەش بوون لە خوێندنەوەی قووڵ، هەروەها کارەساتی ڕاگواستنی بیست و شەشی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٩یش هەر هەمان چارەنووسی هەبووە. بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی کە بۆچی هیچ شتێکی بونیاتنەر لەم یادانەوە بەرهەم نەهاتووە، پێویستە سەیری سێ لایەنی بەرپرسیار بکەین: یەکەم، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم یادکردنەوانەی لە بۆنەیەکی تراژیدی نیشتمانیدا چڕکردوەتەوە. دووەم، کۆمەڵگەی قەڵادزێ خۆیەتی کە نەیتوانیوە دەنگی خۆی بەرز بکاتەوە و بپرسێت ئەم یادانە دەبێت چ واتایەکیان لە ژیانی ڕۆژانەی ئێستاماندا هەبێت. سێیەمیش، نەبوونی دامەزراوەی کولتووری و ڕۆشنبیریی تایبەت بە یادەکەیە لە شارەکەدا کە بتوانن ئەم یادەوەرییانە وەربگێڕنە سەر هێزێکی ڕاستەقینە بۆ ئاوەدانی و گۆڕانکاری.

ئەگەر لەم چوارچێوەیە بێینە دەرەوە و سەیری ئەزموونی وڵاتانی تری جیهان بکەین، دەبینین جیاوازییەکە زۆر گەورەیە. لە ئەڵمانیا، یادکردنەوەی هۆلۆکۆست تەنها ڕۆژێکی دیاریکراو نییە لە ساڵنامەدا، بەڵکوو بووەتە سیستەمێکی پەروەردەیی گشتگیر لە قوتابخانەکانەوە دەست پێدەکات. مۆزەخانەکانی شاری بەرلین شوێنی کارلێکی زیندوون کە سەردانکەران دەتوانن تێکەڵی ڕووداوەکان ببن، نەك تەنها شوێنێك بن بۆ پیشاندانی وێنەی کۆن. لە وڵاتی ڕواندا، کارەساتی کۆمەڵکوژییەکەی ساڵی ١٩٩٤ بووەتە خاڵی دەستپێك بۆ پڕۆژەیەکی گەورەی ئاشتەوایی نیشتمانی و گەشەپێدان، کە تێیدا تەواوی کۆمەڵگە بەشداری لە پرۆسەی ئاشتبوونەوەدا دەکات. لە ژاپۆنیش، یادکردنەوەی بۆردومانی هیرۆشیما بووەتە بزووتنەوەیەکی جیهانی بۆ بانگەشەی ئاشتیخوازی، نەك تەنها ڕۆژێك بۆ دەربڕینی هەستێکی کاتی. ئەم ئەزموونانە پێماندەڵێن یادکردنەوەی مانادار پێویستی بە بونیاتنانی دامەزراوەیی هەیە بۆ ئەوەی لە سنووری ڕۆژێك تێپەڕێت. بەڵام لە قەڵادزێ هیچ کام لەمانە بوونیان نییە؛ نە مۆزەخانەیەکی شایستە هەیە، نە ناوەندێکی توێژینەوەی زانستی هەیە و نە بەرنامەیەکی خوێندنی تایبەت بەم مێژووە بوونی هەیە، بەڵکوو تەنها هەمان کۆبوونەوەی ساڵانە هەیە کە قسە کۆنەکانی تێدا دووبارە دەکرێتەوە.

ئەوەی کە دەبێت بە ئازارەوە ئاماژەی پێبدرێت ئەوەیە کە هەندێك جار شێوازی ئەم یادکردنەوانە دەبنە بارگرانییەکی دەروونی بەسەر شانی خودی قوربانییانەوە. خانەوادەی شەهیدەکان و خەڵکی ستەملێکراوی قەڵادزێ و قەزای پشدەر هێشتا بە چاوی پڕ لە هیوایەوە چاوەڕوانی دادپەروەرییەکی ڕاستەقینەن، بەڵام لە بەرامبەردا تەنها وتارێکی ساڵانە لە ڕۆژنامەکان و کۆبوونەوەیەکی چەند کاتژمێرییان پێ دەدرێت. کاتێك مایکرۆفۆنەکان دەکوژێنرێنەوە و شەقامەکان چۆڵ دەبنەوە، هیچ گۆڕانکارییەکی ئەرێنی لە ژیانی ئەو قوربانییانەدا بەدی ناکرێت. یادکردنەوەی ڕاستەقینە دەبێت لە خەبات و تێکۆشاندا بەرجەستەببێ بۆ ئەوەی مانایەك بە ژیان ببەخشێ. خانەوادەی شەهیدەکان دەبێت بە چاوی خۆیان ئەوە ببینن کە قوربانیدانی ڕۆڵەکانیان بووەتە هۆی بونیاتنانی داهاتوویەکی باشتر، نەك ببێتە بابەتێك بۆ تەنها چەند کاتژمێرێك فرمێسك ڕشتن. ئەگەر بۆردومانەکەی بیست و چواری نیسان کاریگەرییەکی ڕاستەقینەی دروست بکردایە بۆ بونیاتنان و چاکسازی لە کەیسەکانی هاوشێوەی قەڵادزێدا، ئەوا دەبووە یادکردنەوەیەکی ڕاستەقینە. بەڵام کاتێ یادکردنەوە لە ڕشتنی فرمێسکدا کورت دەکرێتەوە، ئەوا تەنها جوێنەوەی تراژیدیایە.

ڕەخنەگرتن بەبێ پێشکەشکردنی چارەسەر و پێشنیاری گونجاو کارێکی بێ واتایە، بۆیە پێویستە چەند هەنگاوێکی گرنگ بخەینە ڕوو کە دەتوانن پرۆسەی یادکردنەوە لە ڕیتواڵێکی بێ ماناوە بگۆڕن بۆ پڕۆژەیەکی زیندوو. هەنگاوی یەکەم، دامەزراندنی مۆزەخانەیەکی نیشتمانیی پێشکەوتووە لە شاری قەڵادزێ کە ببێتە ناوەندێکی کەلتووریی زیندوو بۆ ئەوەی سەردانکەران بە شێوەیەکی کارلێککارانە ئەزموونەکە بژییەننەوە. هەنگاوی دووەم، بەشدارپێکردنی ڕاستەقینەی نەوەی ئەمڕۆ لە ڕێگەی داڕشتنی بەرنامەیەکی خوێندنی زانستی و پەروەردەیی کە تیشك بخاتە سەر ئەم کارەساتانە. هەنگاوی سێیەم بریتییە لە کۆکردنەوە و تۆمارکردنی یادەوەرییەکانی خەڵکی شارەکە بە شێوەیەکی زانستی و پیشەییانە، بۆ ئەوەی وەك بەڵگە بۆ نەوەکانی داهاتوو بپارێزرێن. هەنگاوی چوارەمیش وەبەرهێنانە لە بواری پڕۆژەی گەشتیاریی کەلتووریدا، بە جۆرێك کە شوێنە مێژووییەکانی قەڵادزێ نۆژەن بکرێنەوە و بکرێنە سەنتەرێکی گرنگ بۆ سەردانیکەران، ئەمەش یادەوەرییەکان بە زیندوویی دەهێڵێتەوە.

دواجار، دەگەڕێینەوە سەر ئەو پرسیارە جەوهەرییەی کە لە سەرەتادا خستمانەڕوو: ئایا ئەم یادکردنەوانەی ئێمە بەڕاستی بۆ بەرزڕاگرتنی یادی قوربانییەکانە، یان تەنها نمایشی خۆمان و بەسەربردنی کاتە؟ ئەگەر ئامانجەکە ڕێزلێنانێکی ڕاستەقینەیە، ئەوا دەبێت لە کردار و پڕۆژەی واقیعیدا بەرجەستە ببێت، نەك تەنها لە وتارداندا. قەڵادزێ لەمڕۆدا پێویستی بە مۆزەخانە، ناوەندی توێژینەوە و پڕۆژەی ڕاستەقینەیە کە ژیانی خەڵکەکەی باشتر بکات. ئەگەر بڕیار بێت هەموو ساڵێك تەنها فرمێسك بڕێژین و هەمان وتارەکان بخوێنینەوە، ئەوا ئەمە یادکردنەوە نییە، بەڵکو فەرامۆشکردن و سڕینەوەی مێژووە بە شێوەیەکی ڕێکخراو. ئایا قوربانییەکانمان تەنها شایەنی ئەوەن کە ساڵی جارێك فرمێسکیان بۆ بڕێژین، یان شایەنی ئەوەن کە یاد و بیرەوەرییان بکرێتە هەوێنی کردارێکی بونیادنەر و نەمر؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە و گۆڕینی ئەم واقیعە تەنها لە دەستی خۆماندایە.



قەڵادزێ

# شارێک بوونی مرۆڤ دەگێڕێتەوە

مەریوان عەلی

ئەو کەسەی جارێك لەسەر بەردەكانی قەڵاتوكان دەوەستێ و درك بەوە دەكات كە چواردە هەزار ساڵ بەر لە ئەمرۆ، مرۆڤێكی دیكە لە هەمان ئەو شوێنەدا وەستاوە، بێگومان ناچار بەوە دەبێت پرسیارێكی قووڵتر لە مێژوو بكات: ئەو مرۆڤە كێ بووە؟ هەستی بە چی دەكرد؟ ئایا سەیری هەمان ئەم ئاسمانەی كردووە؟ ئەم پرسیارانە، تەنها پرسیاری پەیوەست بە بەروار و ژمارە نین، بەڵكوو پرسیارن لەبارەی بوون و ماناوە.

قەزای پشدەر تەنها ناوچەیەكی جوگرافی نییە، بەڵكوو كتێبێكی كراوەیە كە گوزارشت لە ئامادەیی و بوونی مرۆڤ لەم خاكەدا دەكات. دوو سەد و حەفتا شوێنەواری مێژوویی، سی و حەوت قەڵات، چل و چوار ئەشكەوت، لەگەڵ هەشتا و پێنج گۆڕی پێش ئیسلام؛ هەر یەكێكیان دەنگێكی بێدەنگن و لە قووڵایی خاكەكەوە هاوار دەكەن: ئێمە لێرە بووین، بوونمان هەبووە و خاوەن مانای خۆمان بووین.

ئەم زنجیرە مێژووییە، كە لە قەڵاتوكانەوە دەستپێدەكات و پرۆفیسۆر شاد زاموا مێژووەكەی تۆمار كردووە، درێژ دەبێتەوە بۆ قەڵاتی سەید ئەحمەدان»كە حەوت تا نۆ هەزار ساڵ لەمەوبەر لە چاخی بەردینی نوێ و سەردەمی حەسونەدا گەشەی كردووە، پاشان بۆ قەڵاتی قەڵادزێ كە دەگەڕێتەوە بۆ شەش هەزار و پێنجسەد ساڵ پێش ئێستا و سەردەمی برۆنز، كە لەلایەن پرۆفیسۆر كارلین ڕاندەرەوە تۆمار كراوە، تا دەگاتە ئەشكەوتی مێوا لە پیرانان كە گۆزە و قاپە قوڕینەكانی ئێستا لە مۆزەخانەی سلێمانی پارێزراون؛ ئەمە تەنیا گوزارشت لە كاتێكی بەسەرچوو ناكات، بەڵكوو زنجیرەی یەك لەدوای یەكی بوونە. هەر شوێنەوارێك، وەك ئەندامێكی زیندوو، ئەو مانایە بە قۆناغەكانی دوای خۆیەوە دەسپێرێ و دەبەستێتەوە.

ڕەنگە كەسێك بپرسێت: مانەوە یان هێشتا هەبوونی ئەو بەردانە لەجێگەی خۆیاندا چ بەهایەكی پراكتیكی هەیە؟ وەڵامەكە لە خودی پرسیارەكەدایە. ئەم بەردانە تەنها كەرەستەیەكی بێگیان نین، بەڵكوو بەڵگەی سەلمێنەری بوونی ئێمەن. ئەو گۆڕانەی پێش ئیسلام پێمان دەڵێن كە مرۆڤ، پێش دروستبوونی هەر ناونیشانێكی ئایینی و نەتەوەیی، لەم خاكەدا بوونی هەبووە، ژیاوە و تێپەڕیوە. قەڵاتی دینكە، كە مێژووەكەی بۆ سێ هەزار و سەد ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە و لەلایەن زانكۆی میونخەوە تۆمار كراوە، تەنها شانازییەكی مێژوویی نییە، بەڵكوو ئاماژەیەكی ڕوونە بۆ ئەوەی كە ئەم خاكە خاوەنی ئەزموونێكی شارستانیی گەورەیە كە كەمتر باسی لێوە كراوە.

ڕۆژی ٢٤ی نیسان، كاتێك ٥٢ ساڵە یادی بۆردومانی قەڵادزێ و ٤٤ ساڵە یادی ڕاپەڕینی شارەكە دەكەینەوە، دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین كە خەڵكەكەی لە خاكێك سەریانهەڵداوە چواردە هەزار ساڵ پێش ئەو بەرواره، مرۆڤی دیكە لەسەری ژیاون و وەستاون. ڕاپەڕینەكە تەنها كردەیەكی سیاسی نەبوو، بەڵكوو درێژەپێدەری هەمان ئەو ئیرادەیەی بوون بوو پێمان دەڵێت: مرۆڤ لەم خاكەدا نەیویستووە بمرێت، بەڵكوو هەمیشە ئیرادەی ژیانی هەبووە. پشدەر، لە هەر بەرد، ئەشكەوت و گۆڕێكیدا، هەڵگری ئەم ڕاستییە بوونناسییەیە.

# ئەو خاکەی بۆردومان و ستەم نەیانتوانی بێدەنگی بکەن

ئامادەکردنی: کۆسار هێرۆیی



قەڵادزێ

قەزای پشدەر، ئەو پارچە خاكە شاخاوییەی كە سنووری نێوان هەرێمی كوردستان و ئێران پێكەوە دەبەستێتەوە، نەك تەنها بە شاخ و دۆڵ و كانیاوی جوان ناسراوە، بەڵكوو میراتگرێكی دەوڵەمەندی ئەدەب و زانست و ڕوحانییەتە. لەو خاكەدا كە بۆردومان و كۆچبەری و شەڕ تەنانەت یەك ڕۆژیش بە درێژایی ساڵانێك لە سەدەی ڕابردوودا لەسەری نەبڕاوە، كۆمەڵێك خامەبەدەست لەدایكبوون و گەورەبوون كە ئەدەبیاتی كوردیان بەرەو پێشبردوە. ئەم ڕاپۆرتە بۆ ئەو بیرەوەرییانە نووسراوە، ئەو نووسەر، ئەدیب و شاعیر و زانا و دانایانەی بە قەڵەم و هزریان بەرگرییان لە بوونی نەتەوەیەك كردووە.

## پێشەواكانی ئەدەب و زانست لە پشدەر

لەسەرەتاكانی سەدەی نۆزدەهەمدا، شێخ بیلال هێرۆیی (١٨٤٩–١٩١٩) وەك زانا و نوسەر و مێژوونووس و شاعیر و وەرگێڕ هەڵكەوت و ڕۆڵی بنەڕەتیی لە دانانی بنەمای ئەدەبیاتی كلاسیكی كوردیدا گێڕاوە. دوای ئەو، مەلا ئەحمەد فەنایی (١٨٩٧–١٩٦٩) لە شیعری كلاسیكی كوردیدا ناوێكی گەورەی بۆ خۆی دروستكرد و بوو بە سەرچاوەی ئیلهام بۆ نەوەكانی دواتر. محەمەد عەلی كوردی (١٩٠٥–١٩٥٧) كە هەم شاعیر بوو و هەم نوسەر و هەم وەرگێڕ، پردی نێوان ئەدەبیاتی كوردی و ئەدەبیاتی جیهانی بەیەكەوە بەستەوە. فانی میراودەلی (١٩١٠–١٩٧٣) شاعیری كلاسیكی دیاری دیكەی پشدەرە كە تا ئەمڕۆش بەرهەمەكانی دەخوێندرێنەوە.

لەلایەنی كەسایەتی كۆمەڵایەتی و سیاسیشدا، ئەحمەد ئاغای پشدەریی (١٨٩٠–١٩٨٥) وەك نوسەر و كەسایەتییەكی بەناوبانگ ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو، بەتایبەتی حاجی عەلی كەویە (١٩٠٦–٢٠٠٨) كە بەیتبێژ و حیكایەتخوانی ناسراوی پشدەر بوو و زیاتر لە یەك سەدە ژیا و میراسێكی دەوڵەمەندی فۆلكلۆری بۆ نەوەكان بەجێهێشت.

## نەوەی ناوەڕاست: هونەر و تێكۆشان تێكەڵبوون

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، نەوەیەكی نوێی نوسەر و شاعیران لە پشدەر دەركەوتن كە هونەر و تێكۆشانی سیاسیان لە یەكتر جیانەكردەوە. عەبدوڵڵا ئاغا پشدەری (١٩٢٢–٢٠١٦) وەك نوسەر و ڕۆژنامەنووس و تێكۆشەر ڕۆڵی بەرچاوی بینی. میرزا مەنگوڕی (١٩١٠–١٩٨٨) شاعیر و مێژوونووسی بەناوبانگ بوو كە بەرهەمەكانی سەرچاوەی مێژووی پشدەرن. كێوی (١٩٢٢–١٩٨٢) وەك شاعیر و تێكۆشەر و كەسایەتی هاوكات لە بواری ئەدەب و سیاسەتدا خەبات دەكرد.

مەلا حسێنی ڕیش كە بە نازناوی ئازادی دەناسرێت (١٩٢٦–٢٠١٤)، شاعیر و زانای ئایینی ناوداری پشدەر بوو. ئەحمەد شێواو (١٩٢٧–١٩٩٩) و محەمەد فیدا (١٩٢٩–١٩٨٤) هەریەكەیان لە بواری شیعر و مێژوونووسیدا بەرهەمی بەنرخیان بەجێهێشت. فاتیحی (١٩٣٠–٢٠٠٢) وەك شاعیری كلاسیكی دیاری كورد ناسرا. مەلا ڕەسوڵ باداوایی (١٩٣٢–١٩٩٨) لەلای نوسەری و كەسایەتی ئایینییەوە لایەنی مامەشایەتیشی هەبوو. مامۆستا مەلا صالح گردەشێخاڵی (١٩٣٣–١٩٩٩) و دڵساف پشدەری (١٩٣٣–٢٠٠٢) كە كوڕی فەنایی بوو، هەردووكیان شاعیری كلاسیكی بەناوبانگ بوون. غەفور پشدەری (١٩٣٤–٢٠١٢) و مەلاعومەری ڕاستگۆ (١٩٣٧–٢٠٠٢) هەركامیان لەبواری شیعر و نوسین و كاروباری ئاینیدا بەرهەمی گرنگیان هەبوو. لەو نێوەندەدا، مامۆستا زیاد (١٩٣٨–٢٠١٧) وەك فۆلكلۆریستی ناوداری پشدەر میراسی فۆلكلۆری ناوچەكەی كۆكردەوە و بڵاوكردەوە. مەلا عثمانی ئاڵان (١٩٤٨–١٩٩٨) وەك پێشمەرگە و شاعیر و كەسایەتی نیشتیمانی نموونەی تەواوی ئەو تێكەڵبوونەی هونەر و تێكۆشانە.

## نەوەی نوێ و خەباتی بەردەوام لەپای ئەدەب

لە نەوەی نوێتردا، سوارە قەڵادزێیی (١٩٤٤–٢٠١٤) شاعیر و نوسەری بەناوبانگ بوو. مامۆستا ئازاد بابان (١٩٤٩–٢٠٢٣) و ئیبراهیم ئاغا میراودەلی (١٩٤٩–٢٠٢١) هەریەكەیان لە بواری نوسین و ڕۆشنبیری و تێكۆشاندا بەشداریان كردووە. عەتیەخان (١٩٥١–٢٠٢٢) وەك تاكە ژنی نوسەر و ڕۆشنبیری لەم لیستەدا ئاماژەیەكە بۆ ڕۆڵی ژنان لە ئەدەبیاتی پشدەر. ستار حەمە تاهیر (١٩٥٥–٢٠٢٠) و عەبدوڵڵا وسو باوزی (١٩٥٦–٢٠٢٢) هەریەكەیان بە شێوازی خۆیان لە بواری نوسین و تێكۆشاندا ڕۆڵیان بینیوە.

محەمەدە سورەی ڕازانی (١٩٥٧–١٩٨٨) فەرماندەی ڕۆژەسەختەكان بوو كە شەهیدكرا، شاعیر و نوسەر و فەرماندەیەكی مەیدانیش بوو. مامۆستا بەكر پشدەری (١٩٦١–٢٠١٩)، هاوڕێ ڕەحیم (١٩٦٢–١٩٩٩) كە تێكۆشەر و شاعیر و ڕۆشنبیری جوانەمەرگ بوو، كاوە فیدا (١٩٦٣–١٩٩٢) وەرگێڕ و نوسەر، عوسمان كاكل (١٩٦٥–٢٠٠٣)، ئارام باوزی (١٩٦٧–٢٠١٤) شەهیدی فەرماندە و شاعیر و شانۆكار، كەژاڵ ئیبراهیم (١٩٦٨–٢٠١٨) ژنە شاعیرە ناسراوەكە، هەموو ئەم ناوانە بەڵگەن بۆ ئەوەی كە ئەدەب و تێكۆشان لە پشدەر زنجیرەیەكی نەبڕاون.

## حوجرەی بەڵاتی، بنەمای زانست و ئەدەب لە پشدەردا

لە پشتەوەی ئەم هەموو ناو و بەرهەمەدا، دامەزراوەیەكی كۆن و گرنگ هەیە كە ڕۆڵی بنەڕەتینەی لە پەروەردەكردنی ئەم هەموو زانا و ئەدیبانەدا بینیوە: حوجرەی بەڵاتی لە گوندی گەناو. ئەم حوجرەیە زیاتر لە چوارسەد ساڵ لەمەوبەر دامەزراوە و وەك زانكۆیەك كاركردووە. مامۆستا مەلا زین الدین بلاطی، كە لە سەدەی شازدەهەم و حەڤدەهەمدا ژیاوە و زیاتر لە سەد ساڵ تەمەنی كردووە، دامەزرێنەری ئەم ناوەندە زانستییە بووە.

حوجرەی بەڵاتی وەك ئەزهەری كوردستان ڕۆڵی بینیوە و دەیان و سەدان مەلا و مفتی تێدا پەروەردەكراون. بەشێكی زۆر لە ئەو نوسەر و شاعیرانەی كە ناویان لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە، لە زانایانی ئاینی و مەلازادەكانی گوندی گەناون كە لە حوجرەی بەڵاتیدا وانەیان گوتۆتەوە و لە هاوكاتدا گرنگیان بە نوسینی شیعر و مێژوو و وەرگێڕان داوە. لەوانەش مەلا عبدوڵڵا گەناوی (١٩٠٧–١٩٥٩) كە وەرگێڕی كتێبی ریشاد العیبادی بووە، مامۆستا مەلا مەحمود محەمەد زانا و مێژوونووس، مامۆستا مەلا ئەحمەد كەستانەیی شاعیری شیعری ڕوحانی، و مامۆستایانی دیكە وەك مەلا ئیسماعیل غزایی و سماعیل ڕەبەت و مەلا ئەسعەد ڕازان و مامۆستا مەلا ساڵح دەرونەیی.

ئەم ڕاپۆرتە بیرەوەرییەكی كورتە بۆ ئەو كۆمەڵە نوسەر و شاعیر و زانا و تێكۆشەرانەی كە لە ناوچەی پشدەرەوە ئەدەبیاتی كوردییان دەوڵەمەندكردووە. لە شێخ بیلال هێرۆییەوە تاكو ئارام باوزی، زنجیرەیەكی نەبڕاوی هزر و هونەر بوونی هەبووە كە نە بۆردومانی ١٩٧٤ی و نە ئەنفال و نە هیچ ڕووداوێكی تر نەیتوانیوە ئەو زنجیرەیە بپچڕێنێت. ئەم نەوەگەلانە لە حوجرەكان و لە ناو شاخەكان و لەژێر بۆردوماندا قەڵەمیان بە دەستەوە گرتووە و بەرهەمیان هەبووە و ئەمڕۆ ئەو بەرهەمانە میراسی هەموو كوردێكن. هەڵبەتە دەیان ناوی دیار درەوشاوەتریش بە دوای ئەم ناوانەدا دێن كە لەم ڕاپۆرتەدا جێگەی باسكردنیان نەبۆتەوە.

«لە شێخ بیلال هێرۆییەوە تا ئارام باوزی، زنجیرەیەكی نەبڕاوەی ئەدەب و تێكۆشان بوون لە دەڤەری پشدەردا»

# ڕاگواستنی قەزای پشدەر لە ئاوێنەی میدیای جیهانیدا

ئامادەکردنی: داوەر عومەر

پرۆسەی ڕاگواستنی قەزای پشدەر و شاری قەڵادزێ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، تەنها بزوێنەرێکی لۆجستیکی و سەربازی نەبوو، بەڵکوو بەشێك بوو لە پرۆژەیەکی سیستەماتیکی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی کە ئامانج لێی سڕینەوەی پەیوەندیی نێوان گەلی کورد و خاکی نیشتەجێبوونی بوو. ئەم پرۆسەیە بە گەورەیی و ئاشکرایی کاریگەرییەکەی، تەنها لە ناو سنووری عیراقدا نەمایەوە، بەڵکوو دەنگدانەوەیەکی بەرفراوانی لە ئاستی میدیای جیهانیدا هەبوو.
حزبە کوردییەکان و نووسەران و ڕەوەندی کوردی لە دەرەوەی وڵات هەوڵیاندا ئامانج و مەرامی ڕژێمی بەعس دژی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە بۆ جیهان بگەیەنن. هەر بۆ ئەم مەبەستەش، هەم پێش پرۆسەی ڕاگواستن و هەم دوای جێبەجێکردنی، لە دەیان ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە و ڕادیۆی وڵاتانی جیاجیادا، دەنگوباسی ڕاگواستنی کورد ڕەنگیدایەوە و بووە بابەتی گفتوگۆی جیهانی.

## کرۆنۆلۆژیای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە لە میدیای جیهانیدا

لە سەرەتای مانگی نیسانی ١٩٨٩دا، دەنگوباسی ڕاگواستنی قەزای پشدەر و شاری قەڵادزێ لە چەندین دەزگای ڕاگەیاندنی جیهانیدا بڵاو بووەوە. ئەم بڵاوبوونەوەیە بە ئامانجی گوشار و بەرگرتن بە پرۆسەی ڕاگواستنەکە بوو. لێرەدا کورتەیەك لە گرنگترین دەزگاکانی ڕاگەیاندن و شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەم بابەتە دەخەینەڕوو.

«ڕژێمی بەعس خۆی لە ڕۆژنامەی العراقدا بە ئاشکرایی باسی ڕاگواستنی شاری قەڵادزێی کرد، ئەمە بووە بەڵگەنامەیەکی فەرمی دژی خۆیان»

## میدیای بەریتانی، لە بی بی سییەوە بۆ تیلیگرام و ئۆبزێرڤەر

میدیای بەریتانی لە پێشەنگترین دەزگاکان بوو لە بەڵگەنامەکردنی ئەم پرۆسەیەدا. ڕادیۆی بی بی سی (BBC) و ڕۆژنامەی سەندەی تایمز (Sunday Times) لە یەکەمین دەزگاکان بوون کە هەواڵی ڕاگواستنەکەیان بڵاوکردەوە و گوشاری ڕای گشتیی جیهانییان لەسەر ڕژێمی بەعس زیاد کرد.
ڕۆژنامەی تیلیگرام (The Telegraph) بابەتێکی تایبەتی لەبارەی ڕاگواستنی دانیشتوانی ناوچەکە بڵاوکردەوە. سەرنجڕاکێشانە، لە ١٣ی نیسانی ١٩٨٩دا بابەتێك لەم ڕۆژنامەیە لەسەر



قەڵادزێ

زاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بڵاوکرایەوە کە پلان و بەرنامەی ڕژێم و ڕاگواستنی قەڵادزێی ڕوونکردەوە.
هەروەها لە ١٦ و ١٧ی نیسانی هەمان ساڵدا ڕۆژنامەکانی بەریتانیا چەندین بابەتی تری لەوبارەیەوە بڵاوکردەوە.
گۆڤاری ئۆبزێرڤەر (The Observer)ی لەندەنیش کە یەکێکە لە گۆڤارە بەناوبانگەکانی بەریتانیا، تەنها بە باسکردنی ڕاگواستنەکە نەوەستا، بەڵکوو تیشکی خستە سەر بارودۆخی مرۆڤایەتیی لە ناو ئۆردوگا زۆرەملێیەکاندا، بەتایبەتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پەتا لە نێو ڕاگوێزراوەکاندا. ئەمە واتای ئەوە بوو کە میدیای بەریتانی نەك تەنها هەواڵەکەی بڵاوکردەوە، بەڵکوو هەوڵیشی دا ڕووی مرۆڤایەتیی ئەم کارەساتە بۆ جیهان بخاتەڕوو.

## میدیای ئەمریکی، ڕاگیم دۆرسی و واشتۆن تایمز

لە ئەمریکا، ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگ ڕاگیم دۆرسی (Ragim Dorsey) لە ڕۆژنامەی واشتۆن تایمز (The Washington Times) بابەتێکی تایبەتی لەسەر ڕاگواستنی قەزای پشدەر نووسی. گرنگیی ئەم بڵاوبوونەوەیە لەوەدایە کە واشتۆن تایمز لەو کاتەدا یەکێك بوو لە ڕۆژنامە ئەمریکییە کاریگەرەکان لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا، و بڵاوبوونەوەی ئەم بابەتە لەو ڕۆژنامەیەدا واتای گەیاندنی دەنگی مەزلوومیەتی کورد بوو بە چاودێرانی سیاسیی واشنتۆن و بڕیاردەرانی ئەمریکی.

## میدیای فەرەنسی، لۆمۆند و ئەرکی ڕۆژنامەوانی

ڕۆژنامەی بەناوبانگی فەرەنسی لۆمۆند (Le Monde) کە لە گرنگترین ڕۆژنامەکانی ئەوروپا و جیهان دادەنرێت، باس و بابەتی لەبارەی ڕاگواستنی پشدەرەوە بڵاوکردەوە. بڵاوبوونەوەی ئەم بابەتە لە لۆمۆنددا واتای ئەوە بوو کە دۆزەکە لە ئاستی میدیای ئاساییەوە گوازرایەوە بۆ ئاستی میدیای سەرەکی و بڕیاردەری ئەوروپی و گوشاری ئەخلاقی و سیاسی لەسەر وڵاتانی ئەوروپا زیاد کرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانەکانی ڕژێمی بەعس.

## میدیای هۆڵەندی

ڕادیۆی هۆڵەندا بە شێوەیەکی تایبەت هەواڵی ڕاگواستنی شاری قەڵادزێی بڵاوکردەوە. ئەم بڵاوبوونەوەیە لەو ڕووەوە گرنگ بوو کە هۆڵەندا یەکێك بوو لەو وڵاتانەی کە کۆمەڵگەیەکی بەرچاوی کوردی تێدا دەژیا و بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە توانی ڕای گشتیی هۆڵەندی بە سوودی دۆز کورد بجوڵێنێت.

## میدیای ناوچەیی، تورکیا و سوریا و کوێت و ئێران

لە ئاستی ناوچەیی، میدیای چەند وڵاتێکی ناوچەیی ئەم بابەتەیان باسکرد. گۆڤاری بەناوبانگی ئیتسی بین (Ikibine)ی تورکیا باسی پرۆسەی ڕاگواستنی شاری قەڵادزێ کرد و لێکۆڵینەوەیەکی بۆ ئەم بابەتە تەرخان کرد. گرنگیی ئەم بڵاوبوونەوەیە لەوەدایە کە تورکیا خۆی وڵاتێکی دراوسێ بوو و هەر پۆلیتیکایەکی عیراق ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر ئەو وڵاتە دەبوو.
ڕۆژنامەی تشرین (Tishreen)ی سوریا گرنگیی زۆری بە پرۆسەی ڕاگواستنی پشدەر دا و چەندین بابەتی لەوبارەیەوە بڵاوکردەوە. هەروەها ڕۆژنامەی السیاسة (Al_Siyasa)ی کوێتی بابەتێکی تایبەتی لەوبارەیەوە بڵاوکردەوە. ئەم بڵاوبوونەوانەی ناوچەیی لەو ڕووەوە گرنگ بوون کە نیشانەیان دا ڕژێمی بەعس تەنها لە بەرامبەر ڕەخنەی ڕۆژئاوادا نییە، بەڵکوو تەنانەت لە ناو ناوچەکەی خۆیشیدا بابەتی ڕەخنەی میدیایی بوو.
ئاژانسی ئێرنا (IRNA)ی ئێرانیش گرنگیی تایبەتی بەم بابەتە دا. ئەم ئاژانسە وردەکاریی پرۆسەی ڕاگواستنی شارەکەی خستەڕوو و ئاماژەی بەوە کرد کە ڕاگوێزراوەکان بۆ سەر سنووری عەرەبستانی سعوودیە ڕاگوازراون. هەروەها لەسەر زاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە پلان و بەرنامەی ڕژێم بۆ ڕاگواستنی قەڵادزێی ڕوونکردەوە.

## میدیای خودی ڕژێمی بەعس، دانپێدانانی ئاشکرا

سەرنجڕاکێشانە، خودی ڕژێمی بەعس لە دەزگا ڕاگەیاندنییەکانی خۆیەوە باسی پرۆسەی ڕاگواستن دەکرد. ڕۆژنامەی العراق کە ڕۆژنامەی فەرمیی ڕژێم بوو، باسی ڕاگواستنی شاری قەڵادزێ و ناوچەکەی کرد. ئەم دانپێدانانە لەلایەکەوە نیشانەی ئەوە بوون کە ڕژێم هیچ شەرمێکی لەم پرۆسەیەوە نەبوو و وەك کارێکی ئاسایی و سەربازیی لێی دەڕوانی. لەلایەکی تریشەوە، ئەم بڵاوبوونەوانە بوونە بەڵگەنامەیەکی فەرمی دژی خودی ڕژێم، چونکە بە زمانی خۆیان دانیان بە ڕاگواستنی زۆرەملێی خەڵکی سڤیل دانا.

## گوشاری جیهانی بۆچی نەیتوانی ڕژێم بگۆڕێت؟

سەرەڕای ئەو هەموو بڵاوبوونەوە و گوشارە جیهانییە، دیکتاتۆر سەدام حسێنی سەرۆکی ڕژێمی بەعس سووربوو لەسەر جێبەجێکردنی ڕاگواستنی ناوچەکە بە تەواوی. ناوچەی پشدەر بە تەواوی ناحیەکانیەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان ڕاگوازرا. ئەمە پرسیارێکی گرنگ دەخاتەڕوو: بۆچی گوشاری جیهانی کاریگەر نەبوو؟
لە ڕاستیدا، چەند هۆکارێك ڕۆڵیان هەبوو. یەکەم، عیراق لەو کاتەدا هاوپەیمانی ستراتیژیکیی وڵاتانی ڕۆژئاوا بوو بەتایبەتی لە بواری نەوت و بەرژەوەندیی ناوچەییدا، بۆیە گوشاری ڕاستەقینە لەسەر نەدەکرا. دووەم، ڕژێم لە دوای شەڕی ئێران و عیراقەوە خۆی وەك سەرکەوتوو دەبینی و ڕووحیاتی بەهێزی هەبوو بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی ناوخۆ. سێیەم، چوارچێوەی یاسایی نێودەوڵەتیی ئەو سەردەمە ئەو هێزەی نەبوو کە بتوانێت ڕاستەوخۆ لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتێکدا دەستبدات.
بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە کە گوشاری میدیایی بێ سوود بوو. بەپێچەوانەوە، ئەو بەڵگەنامانەی کە لەو کاتەدا لە میدیای جیهانیدا بڵاوکرانەوە، دواتر بوونە بەشێك لە بەڵگەنامەکانی دادگایی و مێژوویی دژی ڕژێمی بەعس. هەروەها ئەو پۆشینە میدیاییە بووە هۆکارێك بۆ ئەوەی ڕای گشتیی جیهانی لە درێژماوەدا لەگەڵ دۆزی کوردایەتی هاوسۆز بێت.

## میدیا وەک ئامرازی بەڵگەنامەکردن و دادپەروەری

بڵاوکردنەوەی ڕاگواستنی قەزای پشدەر و قەڵادزێ لە میدیای جیهانیدا درسێکی گرنگ بۆ ئەمڕۆ دەخاتەڕوو: میدیا تەنها ئامرازی ڕاگەیاندن نییە، بەڵکوو ئامرازێکی بەڵگەنامەکردن و دادپەروەرییە. ئەو بابەتانەی کە لە ١٩٨٩دا لە بی بی سی و لۆمۆند و واشتۆن تایمزدا بڵاوکرانەوە، ئەمڕۆ بوونەتە بەڵگەی مێژوویی بە بەهای بنەمایی بۆ توێژینەوە و دادگایی.
ئەرکی ئەمڕۆ ئەوەیە کە ئەم بەڵگەنامانە کۆبکرێنەوە، ئەرشیف بکرێن و بخرێنە بەردەم لێکۆڵەران و توێژەران. لە هەمان کاتدا، داواکاری ئەوەیە کە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان و عیراق ئەم بابەتانە وەك بەشێك لە بەڵگەنامەکردنی جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی قبووڵ بکەن و بخەنە ناو ئەرشیفی فەرمیی دەوڵەت.

سەرچاوەکان:
١. پاشکۆی ٢٤/٤ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی ٢٠٠٦.
٢. کتێبی هەڵەبجە و ئەنفال، وریا ڕەحمانی، ٢٠١٣.

«ئەو بابەتانەی ١٩٨٩ لە میدیای جیهانیدا بڵاوکرانەوە، بەڵگەی مێژووین و بەهای بنەمایین بۆ توێژینەوە و دادگایی »

# شانۆ وەک پارێزەری مێژووی قەڵادزێ



ئامادەکردنی: بەکر مەحمود

هونەری ڕەسەن و ڕاستەقینە ئەو هونەرەیە ببێتە ڕەنگدانەوەی ئازار، موعانات، خەم، خواست، خەون و هیوای گەل و نەتەوە؛ ئاوێنەیەکی باڵانوما بێت بۆ مێژووی شار و خاك. لەو شوێنەی بێهیوایی و ڕوخان لە دەرەوە ڕوو دەدات، پێویستە هونەر لە قوڵایی دەروونەوە وەك ئامرازێکی بەرگری و ڕاچڵەکین سەر هەڵبدا، بێگومان شانۆ وەك دایکی هونەرەکان هەمیشە لەم پێشەنگییەدا بووە.

قەڵادزێ، کە مێژووەکەی پڕە لە برین و شانازی، ئەمڕۆ ٥٢ ساڵ بەسەر بۆردومانکردنی بە چەکی ناپاڵمی کۆکوژ و قەدەغەکراو لەلایەن ڕژێمی فاشستی بەعس لە (١٩٧٤/٤/٢٤) تێدەپەڕێنێت؛ ئەو کارەساتەی بووە هۆی شەهیدبوونی سەدان هاوڵاتی و وێرانبوونی ماڵ، قوتابخانە، نەخۆشخانە و زانکۆی سلێمانی بە ئامێزی شارەکەوە. بەڵام هەشت ساڵ دوای ئەو خوێنە، لە (١٩٨٢/٤/٢٤)دا، خوێندکاران و لاوانی شۆڕشگێڕ، بە ڕێبەرایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گەورەترین ڕاپەڕین و خۆپیشاندانیان دژ بە ڕژێم بەرپا کرد و بە خوێنی شەهید سنەوبەر و دایکە ئامینە، کەرنەڤاڵێکیان خوڵقاند کە دواتر کڵپەکەی هەموو کوردستانی گرتەوە.



بۆ ڕێزگرتن لەم مێژووە، ساڵانە چالاکی جۆراوجۆر بەڕێوە دەچن. لەم ڕاپۆرتەدا هەوڵمانداوە هەموو ئەو کارە شانۆییانەی بۆ ئەم یادە پێشکەشکراون بخەینەڕوو. وێستگەی یەکەم لە (١٩٩٢/٤/٢٤) دەستیپێکرد، کاتێ مامۆستا ئەحمەد ساڵار و هونەرمەندانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بە هاوبەشی خوێندکارانی شانۆ، نمایشێکیان بە ناوی (٤/٢٤) لە ناو گۆڕستانی قەڵادزێ ئەنجام دا کە گوزارشت بوو لە ستەمی ڕژێم و خەباتی خەڵك. ساڵێك دواتر، لە (١٩٩٣/٤/٢٤) دا، تیپی نواندنی قەڵادزێ شانۆیی (کەرنەڤاڵی قەڵادزێ)ی پێشکەش کرد، کە لە نووسینی سەلاحە ڕەش و دەرهێنانی کەمال ئالانی بوو و تیشکی دەخستە سەر بۆردومانەکە و ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٨٢.





تیپی شانۆی هەرمێن یەکێکی تر بووە لە گروپە چالاکەکان کە ساڵانە یادەکەی بەرز ڕاگرتووە. لە (٢٠٠٨/٤/٢٨) دا شانۆیی (کەرنەڤاڵی خوێن) یان لە نووسین و دەرهێنانی عومەر عەلی حسێن لە هۆڵی هونەرمەندان نمایش کرد. دواتر بە زنجیرە چەندین کاری تریان پێشکەش کرد، لەوانە: (٢٤ ساڵ زیندان) لە (٢٠١٠/٤/٢٥) و (ساتێك لە ئازار) لە (٢٠١٢/٤/٢٥)، کە هەردووکیان لە نووسین و دەرهێنانی مامۆستا عومەر ئەحمەد قادر بوون. دواین کاری ئەم تیپەش شانۆیی (بە غوربەتەوە) بوو لە (٢٠٢٥/٤/٢٤) بە سەرپەرشتی مامۆستا زانیار قادر و نووسین و دەرهێنانی عومەر ئەحمەد قادر، کە لە هۆڵی ئامادەیی بابان نمایش کرا.

لە لایەکی ترەوە، تیپی شانۆی سەردەم لە ناو جەرگەی گۆڕستانی شارەکەدا شانۆیی (ڕاگواستنی خەونەکان)یان پێشکەش کرد، کە نووسینی مامۆستا سارا فەقێ خدر و دەرهێنانی بەکر مەحمود بوو، بە بەشداری خوێندکارانی دواناوەندی قەڵادزێی کچان. هەروەها نابێ ڕۆڵی هونەرمەند (خدر زوحاك) فەرامۆش بکرێت، کە وەك ئەکتەرێکی دیار، ساڵانە بە هاوبەشی خوێندکاران و ئەندامانی کۆمەڵەی خوێندکاران، پانۆڕامای شانۆیی شەقامیان لە کاتی ڕێپێوانەکاندا ئەنجام دەدا. مخابن، وەك ئەو هونەرمەندە ئاماژەی پێ کرد، بەهۆی بارودۆخە جیاوازەکانی کوردستانەوە، بەشێکی زۆری بەڵگەنامە و ئەرشیفەکانی ئەو کارانە فەوتاون و پێویستیان بە ئاوڕدانەوەی جدی هەیە.





## شارێک لە دوو فایلدا



ئەرسەلان مەحمود

پارساڵ لەم ستوونەدا نووسیم قەڵادزێ پارادایمێکە لە مێژووی خۆڕاگریدا. ئەمساڵ دەمەوێ یەك هەنگاو قووڵتر بڕۆم و پرسیارێکی بوونناسانەتر بکەم: ئایا قەڵادزێ بوونی هەیە؟ بەڵێ شارەکە هەیە، خەڵکەکەی تێیدا دەژین، بازاڕ کراوەیە. بەڵام لە ڕووی ئەو بوونەی دەسەڵات پێناسەی دەکات، قەڵادزێ نەبوونێکی ڕێکخراوە. بەغدا شارەکەی لە بەرنامەدا نییە، قەرەبووی نەکردۆتەوە، ژێرخانی بینانەکردۆتەوە، سەرخانی ئاوەداننەکردۆتەوە. هەولێر جیاکاریخوازانە دەڕوانێتە شارەکە و لە پلانی ستراتیژییدا جێگەیەکی بۆ دانەناوە. ئەمە نەبوونێکی سیستەماتیکییە: شارێك لە ئاسمانەوە بۆمباران و لە زەوییەوە جینۆساید کراوە، کەچی ئەمڕۆ لەسەر کاغەز و کارنامەی بیروبڕیاری حکومەتی میراتگر و جیاکاریخوازدا بوونی نییە.

بوونی مرۆڤ ئەوەیە هاوکات ئاگاداری نەبوونی خۆیەتی – هایدگەر وادەڵێت، بەڵام قەڵادزێ ئەم فۆرمولەیە هەڵدەگێڕێتەوە: شار ئاگاداری خوێنی ١٩٧٤ و ڕاپەڕینی ١٩٨٢ و ڕاگواستنی ١٩٨٩ـی خۆیەتی، بەڵام ئەم ئاگاداربوونە نەیتوانیوە بوونێکی شایستە بە خۆی بۆ بخەڵقێنێ، بۆچی؟ چونکە بەغدا ئەم مێژووە بە قەرزێکی سیاسی نازانێ و هەولێریش لایلێداوە. بە قسەی هانا ئارێندت بێت ئەمە توندوتیژیی بیروکراتیکە، ئەو جۆرە توندوتیژییەی لەبری کەسێك هەبوونی کۆمەڵگەیەك لەناودەبات، بەچی؟ بێگومان بە نادیدگەرایی و بە جیاکاریخوازیی. ئەمە وەسفی پەیوەندی بەغدا و قەڵادزێ، هەولێر و قەزای پشدەرە، هەڵبەتە نەك وەك شار، بەڵکوو وەك دەسەڵات. کوشتنێك لە لالێنەکردنەوە و ئاوەداننەکردنەوەدا.

ژمارەکان ئەم نەبوونە سەلماوتر دەکەن. ساڵی ٢٠٢٥ لە قەزای پشدەر زیاتر لە ١٥٠٠ کەس هەوڵی چوونە دەرەوەی وڵاتیانداوە. بێکاری وەك هۆکاری سەرەکی ناسێنراوە. بەڵام ئەمە تەنها ژمارە نییە، ئەمە ئاماژەیەکی بوونناسانەیە. کاتێك گەنجێك ناوی خۆی لە لیستی کۆچبەراندا دادەنوسێت، لە ڕاستیدا دەنگ بە بوونی خۆی دەدات لەو شوێنەدا: دەڵێ بوونم لێرە ناتەواوە. ئەمە ڕادەکردنە لەو بوونە. ئەو شارەی خەڵکەکەی تێیدا لە بوونی خۆیان ڕادەکەن، بە نزیکبوونەوە لەچی؟ لە مردن.

قەڵادزێ لەم لۆژیکەدا لەکوێدایە؟ ئەم شارە هەولێر نایەوێ وەك خۆی بیبینێت، بەغدا نایەوەی وەك خۆی وڵامی بداتەوە. ئەوەی ئەم شارەی بینیی بەعس بوو، بەڵام وەك ئامانجێکی سەربازی، نەك وەك بوونێکی مرۆیی. بۆمبارانی ١٩٧٤، ڕاگواستنی ١٩٨٩ ئەوە نەبوون وەك هەبوویەك بیبینێ، بەڵکوو وەك شتێك دەبێت نەبێت. هەولێر قەڵادزێ دەبینێت، بەڵام وەك فایلێکی سەوز، هەروەك چۆن بەغدای ئەمڕۆش شارەکە دەبینێ، بەڵام وەك فایلێکی کۆن، لەسەر مێزە حزبۆکراتی و ئیتنیکی، نەك وەك بوونێکی زیندوو پلانی بۆ دابنێن و بودجەی بۆ بنێرن.

ئەمە تەنها قسەی قەڵادزێ نییە. قەڵادزێ ئاوێنەیە. هەر شارێك بونیادی مێژوویی و خوێنی خۆی هەبێ بەڵام پلانی ستراتیژیی بۆ نەبێ، ئەو شارە لەم ئاوێنەدا ڕووی خۆی دەبینێت. جیاوازی قەڵادزێ لەوەدایە تێکەڵەیەکە لە هەموو زامەکان، بۆمباران، ئەنفال، ڕاگواستنی زۆرملی، بێکاری، کۆچ و بێ شوێنی لە ئاوەدانی و خۆشگوزەرانیدا، ئەگەر شوێنێك هەبێت تەواوی ئازاری مرۆڤی کوردی تێیدا کۆبکرێتەوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەو شوێنە قەڵادزێیە. ئەو شارەی داوای سەدەقە ناکات. مافی خۆی دەوێت، ماف نەك وەك دروشم و سۆز، بەڵکوو وەك بودجە و ژێرخان و ئایندە.